# پێوەندیی عێراق و سووریا لە ململانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر دۆزی کورد (١٩٦٣- ١٩٧٠)

پ. د. سامان حوسێن ئەحمەد

پەروەردەی بنەڕەتی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

Saman.abdullah@univsul.edu.iq

م. ی. ڕێبین سەعید مەلا

زانکۆی سۆران

فاکەڵتیی ئاداب- بەشی مێژوو- قوتابیی دکتۆرا

rebin.haji@soran.edu.iq

**پوختە:**

پێوەندی دوو قۆڵیی نێوان عێراق و سووریا، کاریگەریی زۆری لەسەر دۆخی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەبووە، هەر دووک وڵات بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پێوەندیەکی مێژوویی، سیاسی، سەربازی و ئابووری.... لە نێوانیاندا بەدی دەکرا، بەڵام ئەم پێوەندییانە بە هەڵاوسانی نێوانیان هەوراز و نشێوی جۆراوجۆر تێ پەڕیون، کە دواجار هەم کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی نێوانیان دروست کردووە، هەمیش کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە هەر دووک وڵات دروست کردووە. لە سۆنگەی گرنگیی ئەمەوە لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەندیی عێراق و سووریا لە ململانی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر دۆزی کورد (١٩٦٣- ١٩٧٠)» بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لە هەندێک کاتدا پێوەندیەکی باش و هەماهەنگی جۆراوجۆر لە نێوانیاندا بە دی دەکرا، بەتایبەت دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، سووریا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی لە ساڵی (١٩٦٣) هاوکاری سەربازی بە ناردنی لیوایەک و پێداویستی جۆراوجۆر پێشکەشی حکوومەتی عێراقی کردووە، هەرچەندە هاوکارییە سەربازییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دۆزی کورد دروست نەکردووە، بەڵام پێوەندییەکانی نێوانیان نزیکبوونەوەی زیاتری بە خۆوە بینیوە، هەروەها هەر لەم ماوەیەدا پڕۆژەی سێقۆڵی لە مانگی (نیسانی ١٩٦٣) لەسەر بنەمای هاوکاری هاوبەش، نزیکبوونەی زیاتر بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بەشێکی لێدان بوو لە دۆزی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام پڕۆژەی یەکگرتوو بەهۆی ناسەقامگیریی دۆخی سیاسیی عێراق و سووریا شکستی هێنا، جێگەی باسە عێراق و سووریا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٤- ١٩٧٠) چەندان پڕۆژەی جۆراوجۆریان دژی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام داوە، لەگەڵ ئەمەشدا خەباتی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا جیاوازی لە نێوانیان دەبینرا، لە باشوور پرۆسەی چەکداری دژی حکوومەتی عێراقی بەردەوامی هەبووە، بەڵام لە ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا خەباتی سیاسییان کردووتە ئامانج، هاوکات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کاریگەری ڕاستەوخۆی باشووری لەسەر هەبوو، بۆیە پێوەندییەکانی عێراق و سووریا لە چوارچێوەی هەڵوێستیان بەرانبەر بە دۆزی کورد جۆراوجۆر دەبینرێت.

کلیلەوشە: عێراق، سووریا، ڕۆژئاوا، باشوور، کوردستان، حزبی بەعس، پێوەندی، کاریگەری.

## پێشەکی

لە دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، دۆزی کورد لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێگە و شوێنی خۆی زیاتر لە جیهان و ناوچەکە کردەوە، بەهۆی ئەمەوە کاریگەریی زۆری لەسەر پێوەندییەکانی هەرێمی بە تایبەت پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا دروست کرد، لە هەندێک باردا پێوەندییەکانیان بە باشی بینراوە، تەنانەت هەماهەنگی سەربازی و هاوکاری جۆراوجۆریان لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام لە هەندێک باری دیکەدا پێوەندییەکانیان بە شێوازێکی خراپ گۆزەری کردووە، ئەم ناهاوسەنگییە لە پێوەندییەکانیان کاریگەریی زۆری لەسەر دۆزی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دروست کردووە.

لە سۆنگەی گرنگیی ئەمەوە، لەژێر ناونیشانی ‹‹پێوەندیی عێراق و سووریا لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەری لەسەر دۆزی کورد (١٩٦٣- ١٩٧٠)›› بە توێژینەوەیەکی مێژوویی و سیاسیی بە پشتبەستن بە شرۆڤەکردنی ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و مێژووییەکان، لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکەین، لەم ماوەیەدا پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا زۆرترین بەرز و نزمی بە خۆوە بینیوە، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەییان بۆ سەر دۆزی کورد هەبووە، هاوکات بە هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعس لە عێراق و سووریا پێوەندییەکانیان گروتینی زیاتر بە خۆوە بینیوە، بەتایبەت وڵاتانی هەرێمی لە ڕێگەی پرۆژەی جۆراوجۆری وەکوو پرۆژەی سەنتۆ چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئەیلوول هاوکاری حوکوومەتی عێراقیان کردووە، هەرچەندە نە عێراق و نە سووریا ئەندامی سەنتۆ نەبوون، بەڵام ڕۆڵی گرنگیان لە جووڵاندنی ئەندامانی سەنتۆ بینیوە، بۆیە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەنگدانەوەی بە دوای خۆیدا هێناوە. هەر لەو ماوەیەدا پرۆژەی سێقۆڵیی نێوان (عێراق، سووریا، میسر) خرایە ڕوو، ئەویش بەشێکی لێدان لە دۆزی کورد لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بوو، هەرچەندە بە دیدی ئەوان ئەو پرۆژانە ئامانجێکی درێژخایەنیان هەبووە، بەڵام بە چارەسەرنەکردنی دۆزی کورد پرۆژەکانیان بە کورتخایەن کۆتایی هاتووە، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەریی زۆری لەسەر دۆزی کورد هەبووە.

توێژینەوە لە پێشەکی، سێ تەوەرە، ئەنجام، پێکهاتووە، بەجۆرێ لە تەوەرەی یەکەم باسی‹‹پێوەندیی عێراق و سووریا لە چوارچێوەی پرۆژەی سەنتۆ (عملیة السنتو) کاریگەری لەسەر دۆزی کورد›› کراوە، چونکە ئەم پرۆژەیە کاریگەریی زۆری لەسەر دۆزی کورد و ناوچەکە دروست کردووە، هەرچی تەوەرەی دووەم باسی‹‹پرۆژەی یەکگرتنەوەی سێقۆڵی (سووریا- عێراق- میسر) کاریگەری لەسەر دۆزی کورد›› کراوە، پرۆژەی سێقۆڵی هەوڵێکی دیکە هەرێمی لە دژی کورد بوو. بەڵام ئەویش سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها تەوەرەی سێیەم باسی ‹‹پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا دوای پرۆژەی سێقۆڵی کاریگەری لەسەر دۆزی کورد (١٩٦٤- ١٩٧٠) کراوە. لەم ماوەیەشدا حوکوومەتی سووریا و عێراق چەندان بەرنامە و پلانیان لە دژی کورد ئەنجام داوە، لە کۆتاییدا چەند خاڵێک وەک ئەنجام خراوەتە ڕوو.

## تەوەرەی یەکەم

### پێوەندیی عێراق و سووریا لە چوارچێوەی پرۆژەی سەنتۆ (عملیة السنتو) کاریگەری لەسەر دۆزی کورد

دۆزی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاریگەری زیاتری لەسەر پێوەندییەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی دروست کرد، لە قۆناغی جەنگی ساردا دۆزی کورد گەرم و گوڕی زیاتری بۆ دروست بووە، لەلایەک سووریا و عێراق دوای تێکچوونی پێوەندیی نێوانیان، لەلایەکی دیکەوە تێکچوونی پێوەندیەکانیان لەگەڵ کورد، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری هەموو پرۆژە و پلانێکیان دژی کورد کردووە، یەکێک لەو پرۆژانەی وڵاتانی زلهێز پرۆژەی سەنتۆ[1] بوو، هەرچەندە سووریا هەر لە سەرەتاوە بە هیچ شێوەیەک ئەندام نەبووە، بەڵام عێراق پێشتر ئەندامێکی هەمیشەیی پەیمانی بەغدا بووە، تەنانەت ڕۆڵێکی دیار و گرنگی لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بینیوە،

بەڵکوو بە هاتنە دەرەوەشی پێوەندییەکانی لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەندامانی سەنتۆ هەر مابوو، بەڵکوو بە شێوەیەکی نافەرمی هاوکاری و هەماهەنگی دروستکردن لە نێوانیان بەردەوامی هەبووە، هەموو جۆرە هاوکارییەکییان پێشکەشی یەکتر کردووە، ئەمەش زیاتر هەوڵی وڵاتان بووە لە پێناو دوورخستنەوەی عێراق لە بەرەی سۆڤیەت بە جۆرێ کاریگەریی زۆری لەسەر دۆزی کورد دروست کردووە، لەو ماوەیەدا ئەمریکا و بەریتانیا بانگەشەیان بۆ دۆزی کورد دەکرد، ئەگەر لە بەرەی سۆڤیەت دوور کەونەوە ئەوە ئەوان ئامادەن ئۆتۆنۆمی بە کورد ببەخشن، بەڵام ئەم دروشمانە زیاتر بۆ هاوسەنگی هێزی نێوان خۆیان لە جەنگی سارد بەکارهێنراون، هەر دووک بلوک لە پێناو بەهێزکردنی بەرەی خۆیان ئامادەبوون هەموو بەرنامەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی پەکخەن، بۆیە کورد لە نێوان بلوکی ڕۆژئاو و ڕۆژهەڵات وەکوو داردەستێک و کارتێک بەکارهاتووە، بۆیە سووریا و عێراق ئەندامی هەمیشەی سەنتۆ نەبوون، بەڵام ئامادەبوون هاوکاری یەکتری بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ئەیلوول (نەبەز، ٢٠٠٧: ٩٨ ؛ ناوخۆش، ٢٠١٩: ٨٤).

دۆزی کورد لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا لە نێوان سیاسەتی وڵاتانی هەرێمی سەرشێواوی پێوە دیار بووە، هاوکات جگە لە ئێران، وڵاتانی دیکەی هەرێمی هاوکاری و پشتگیریی عێراقیان دەکرد، بەتایبەت لە پێدانی چەک و تەقەمەنی و پاڵپشتیکردن، بۆ ئەم مەبەستە ئەفسەرانی (سووریا، تورکیا) لەگەڵ عێراق هەماهەنگی تەواویان لە نێواندا هەبووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لە دژی کورد، هەروەها پەیمانی (سەنتۆ)ی سەربازی لەلای خۆیەوە پشتگیری و هاوکاری خۆی دەربڕی بۆ ئەو پرۆسانەی گیراونەبەر لە دژی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان، ئەمەش وای کرد کورد چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شەڕی چەندان وڵاتی هەرێمی و نێودەوڵەتی بکات (لازاریف، ٢٠١٢: ٤٧٢ ؛ محێدین، ٢٠٠٦: ١٩٥)، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە ئاست ڕووداوەکانی باشووری کوردستان نیگەران بوون، بەتایبەت ئەو سەرکەوتنانەی شۆڕشی ئەیلوول بە دەستی هێنان و بەرفراوان بوونی شۆڕش، وڵاتانی هەرێمی نیگەران کردووە، لە هەمانکاتدا ترسی گواستنەوەی شۆڕشی باشوور بۆ وڵاتانی خۆیان هەبووە، بۆیە چەندان ڕێکاری هاوبەشیان گرتووتەبەر بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی کورد، ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی هاوبەشی وڵاتانی هەرێمی دژ بە کورد خۆی بینییەوە (وانلي، ٢٠١٢: ٢٨٦ ؛ جەلیل، ٢٠١٣: ٣٨٣) سەرکردایەتیی عێراق کەوتە پێوەندیکردن لەگەڵ سووریا و ئێران بۆ زامنکردنی هاوکاری بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕشی ئەیلوول، هەرچەندە حوکوومەتی عێراق لە پەیمانی سەنتۆ ئەندام نەبوو، بەڵام بەهۆی لێکدانەوەی کاریگەری شۆڕشی کورد لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان لەوانە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە ئێران و تورکیا بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری پەیمانی سەنتۆ داواکاری عێراقیان خستە بەردەم کۆنگرەی ئەنجومەنی سەنتۆ (بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٢٣ ؛ شریف، ٢٠١٢: ١٧٤)، بۆیە لە سەرەتای مانگی حەوتی (١٩٦٣) لە ئیزمیر کۆبوونەوەی وڵاتانی پەیمانی سەنتۆ دەستپێکرد، کە تێدا وڵاتانی بەشدار ئامادەییان نیشاندا بۆ لێدان لە شۆڕشی ئەیلوول چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ (محەمەد، ٢٠٢١؛ سایتی ئاوێنە)، لە ئەنجامی ئەمەدا بەهۆی دۆزی کوردەوە، پێوەندییەکانی هەرێمی سەرجەم گرژییەکانیان بەلاوە ناوە، بەڵکوو هەوڵێکی گشتگیری وڵاتان دژی کورد دروست کردووە، بە پرۆژەیەکی هاوبەش بە ناوی (ئۆپراسۆنی دیجلە- تایگەر)[٢] بەهۆی دەنگ و ناوبانگی پەیداکردن لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە، یەکێتیی سۆڤیەت ڕێککەوتنی نهێنی نێوان (عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا)ی ئاشکرا کرد، کەوا دەیانەوەی هێرشی هاوبەشی بۆ سەر شۆڕشی ئەیلوول ئەنجام

بـەدەن (شـێخمووس، ٢٠١٩: ٢٧٨ ؛ دیمانـە گۆڤـاری کەلتـور لەگـەڵ عومـەر شـێخ مـووس، کانوونـی دووەم ٢٠١٢: ١٦٢).

ئۆپراسـیۆنی دیجلـە هەوڵێکـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی دژ بـە کـورد بـوو، ئامانجیـش کۆتاییهێنـان بـە شۆڕشـی ئەیلـوول بـوو، هـەر لایـەک هەوڵـی دەدا بـە پێدانـی چـەک و تەقەمەنـی بەشـداری ئۆپراسـۆنەکە بکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەریتانیـا چەنـدان فڕۆکـەی شـەڕکەری بـە دەوڵەتـی عێـراق فرۆشـت، تاوەکـوو ناوچەکانـی کوردسـتان پێـی بوردومـان بکـەن، ئەمـەش کاریگەریـی زۆری لەسـەر دۆزی کـورد دروسـت کـرد، لـە بەرانبـەر ئەمـەدا پێوەندییەکانـی نێـوان بەغـدا و وڵاتانـی ئەنـدام لـە پەیمانـی سـەنتۆ تـا ڕادەیەکـی زۆر گـەرم و گورتـر بـوو، هەرچەنـدە هاوکێشـە سیاسـییەکانی بـەڕووی وڵاتانـی زلهێـز شـکایەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا خەباتـی سیاسـی کـورد بـۆ بەرگریکـردن لـە خۆیـان بەردەوامـی هەبـوو (محێدیـن، ٢٠٠٦: ١٩٥ ؛ عیسـی، ٢٠٠٨: ١٧٤)، هـاوکات ئامانجـی سـەرەکی پرۆژەکـە ئـەوە بـوو هـەر چـوار دەوڵـەت هێـرش بکەنـە سـەر شـۆڕش و کۆتایـی پێبهێنن، ئەمـەش بـە پاڵەپەسـتۆی ئەندامانـی سـەنتۆ بـوو، هەرچەنـدە بەشـێوەیەکی سـەرەکی جگـە لـە سـووریا هیـچ وڵاتـی دیکـە هێرشـی نەهێنایـە سـەر شـۆڕش، بـەڵام بەشـێوازێکی ناڕاسـتەوخۆ هـاوکاری حوکوومەتـی عێراقیـان کـردووە، دەکرێـت بڵێیـن بەشـدارینەکردنی تورکیـا و ئێـران بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لـە شـەڕی کـورد بەشـێکی پێوەنـدی بـە هوشـداری توندی یەکێتیـی سـۆڤیەتەوە هەبـوو، چونکـە مـاوەی (٤٨) کاتژمێـری دانـا بـۆ ئـەوەی هێزەکانیـان لەسـەر سنور بکشـێنەوە، گـەر نـا کاردانـەوەی توندی دەبێـت و ئەوەشـی دووپاتکردووەتـەوە کاریـان بـە شـەڕی کوردسـتانەوە نەبێـت، تەنانـەت لـەو ماوەیـەدا یەکێتیـی سـۆڤیەت مانورێکـی سـەربازی لـە دەریـای ڕەش ئەنجـام دا، ئەمـەش بـووە هـۆی ترسـانی (ئێـران، تورکیـا) بـۆ ئـەم مەبەسـتە هێـزی خۆیـان لەسـەر سـنور کشـاندەوە، بەشـێکی دیکـەش پێوەنـدی بـە کـوردی ئێران و تورکیـاوە هەیـە، ئـەم دوو وڵاتـە ترسـی ئەوەیـان هەبـوو کـوردی وڵاتانـی خۆشـیان دژیـان بوسـتنەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە ڕێگـەی دەزگا سـەربازییەکانی خۆیانـەوە ئـاگاداری و هـاوکاری حوکوومەتـی عێراقیـان دەکـرد (یوسـفی، ٢٠٢١: ٢٦).

لـە درێـژەی ئـەو زنجیـرە گفتوگۆیـەی کـە لـە ئەنجامـی باشـبوونی پێوەندییەکانیـان هاتبـووە ئـاراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە (١٩ی ئابـی ١٩٦٣) شـاندێکی عێراقـی بـە سـەرکردایەتی حـردان تکریتـی سـەرۆکی هێزەکانـی ئاسـمانی سـەردانی سـووریای کـرد، هاوکارییەکـی تـەواو لـە ڕووی سـەربازی و ئەمنیـەوە لـە نێوانیـان تاوتـوێ کـراوە، دوای ئەمـەش شـاندێکی دیکـەی سـووریا بـە سـەرۆکایەتی عەمیـد وەهـاب ڕفاعـی سـەردانی بەغـدای کـرد، بۆیـە پێوەندیەکـی بـاش لـە نێوانیـان بـەدی کـرا، بەمـەش پێوەندییەکانی هـەر دووک لا بـەرەو قۆناغـی ئاسایبوونەوە چـوو (محمـد، ٢٠١٢: ١٠٢ ؛ محمـد، ٢٠٢١: ٥٢ ؛ سـەعید، ٢٠٢٢: ٥١- ٥٢) هەمـوو ئەمانـە وایـان کـرد لـە (٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦٣) ئەنجومەنـی بـاڵای بەرگری هاوبـەش لـە نێـوان سـووریا و عێـراق لـە دژی کـورد بێتـە دامەزرانـدن (محێدیـن، ٢٠٠٦: ١٩٥ ؛ جزیـري، ٢٠٢٢: ٢١٠)، هەروەهـا ڕێگەشـی خۆشـکرد بـۆ دروسـتبوونی هاوپەیمانیەکـی سـەربازی لـە نێوانیـان لـە مـاوەی (حوزێرانـی ١٩٦٣ تاوەکـوو تشرینی یەکەمـی ١٩٦٣) بـەردەوام بـووە، هـەر لـەم بارەیـەوە وەزیـری بەرگـری عێـراق لـە دیمەشـق ڕایگەیانـد پۆسـتێکی تـازەی وەرگرتـووە، ئەویـش سـەرکردایەتی گشتی سـوپای سـووریا و عێراقی یەکگرتـوو دەکات (د. ک. و، العـدد ٣٩٤، ٣/ ٨/ ١٩٧٥: ١٢ ؛ علـوان، ٢٠٠٥: ١٥٠ ؛ محـوي، ٢٠٠٨: ٢٨٩ ؛ لازاریـف، ٢٠١٢: ٤٧٥) سـووریا بـە هەمـوو شـێوەیەک ئامادەیـی خـۆی بـۆ هاوکاریکردنـی عێـراق لـە دژی کـورد دەربـڕی، هەروەهـا ڕایگەیانـد هەمـوو توانایەکـی سـەربازی خـۆی دەخاتـە ژێـر دەسـەڵاتی حوکوومەتـی عێراقـەوە ئەمـەش بـە کـردەوە سـەلماندی بـۆ یارمەتیدانـی عێـراق لیوایەکـی سـەربازی سووری بـە سـەرکردایەتی عەقید فەهـد شـاعێر ئامادەکرد، بـۆ هێرشـکردنە سـەر ناوچەکانـی باشـووی کوردسـتان، ئـەم هەنگاوانـەش پێوەندییەکانـی عێـراق و سـووریای زیاتـر بـەرەو پێـش بـرد، چونکـە حوکوومەتـی عێراق دەیویست

وا پێشان بدات ئەو شەڕەی لەگەڵ کورد شەڕێکی نەتەوەییە، لەسەر ئەو بیروڕایە دەبێت وڵاتانی دیکە هاوکاریان بکەن (درویش، ٢٠٠٣: ٧١ ؛ میراني، ٢٠٠٤: ١٩٩ ؛ الزبیدي، ٢٠٠٦: ١٠٤- ١٠٥ ؛ دیب، ٢٠١٢: ٢٥٥ ؛ حصاف، ٢٠٢٢: ٩٤- ٩٥).

بە گشتی وەکوو باس کرا ئەم ڕێککەوتنە سەربازییە نێوان عێراق و سووریا پێوەندییەکانیان زیاتر لە یەک نزیک کردەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دۆزی کورد هەبوو، هاوکات سووریا تەواوی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان وەستاند، بایەخی زیاتر بە هێرشە هاوبەشەکانی لەگەڵ حوکوومەتی عێراق دەدا (شۆڕش، ٢٠٠٢: ٤١ ؛ عەونی، ٢٠١١: ١٣٧ ؛ فلیپس، ٢٠١٦: ١٥٧) لە ئاکامیشدا حوکوومەتی سووریا کەتیبەیەکی پیادە (سوپای یەرموک) و کۆمەڵێک ئوتومبێلی زرێپۆش و فڕۆکەی ڕەوانەی باشووری کوردستان کرد، بە مەبەستی بەشداریکردن لە شەڕی دژی کورد، بە جۆرێک لەو ماوەیەدا سەرکردایەتی سووریا نەک هەر بەوەی کە هەموو ڕێگایەک دەگرتەبەر لە بەرانبەر هەر سەهەڵدانێکی نەتەوایەتی کورد لە سووریا، بەڵکوو زۆر بە توندی لە دژی هەر ڕێگا چارەیەکیش بوو بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە عێراقدا (بارزاني، ٢٠١١: ٢١٤ ؛ لازاریف، ٢٠١٢: ٥٥٢ ؛ الخفاجي، ٢٠١٥: ٢٧٠ ؛ حصاف، الجزء الثالث، ٢٠١٧: ٢٩) لەم میانەشدا سووریا دوو لیوای (٥٠٠٠- ٦٠٠٠) پێنچ بۆ شەش هەزار سەربازی ڕەوانەی بنکەی سەربازی حەببانیە کرد، بۆ پشتیوانیکردن لە حوکوومەتی عێراق و دامرکاندنەوەی شۆڕش، حوکوومەتی عێراق نیازی بوو گۆڕانێک بەسەر ڕێڕەوی ململانێکەدا بهێنێت، هاوکێشەکانی هەرێمی بە تەواوی بگۆڕێت و وڵاتانی دیکەش ڕاکێشێتە ناوی و دۆزی کورد لە پرسی وڵاتێکەوە بکاتە پرسێکی گشتی و هاوکێشەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێی ببەخشێت (نەبەز، ٢٠٠٧: ١٥٦ ؛ عیسی، ٢٠٠٨: ١٧٤ ؛ دیب، ٢٠١٢: ٢٥٥ ؛ سەنگاوی، ٢٠١٤: ٦٥٤ ؛ سەنگاوی، بێ ساڵ: ١٦٤).

هەرچەندە تا ئەو کاتەش هاتنی هێزی سووری بۆ عێراق بە فەرمی ڕانەگەیەندرا بوو و جێگای گومان بوو، تەنانەت حوکوومەتی عێراق بە شێوەیەکی فەرمی هاتنی سوپای سووریا ڕەتکردووەتەوە، بەڵکوو بە هەموو شێوازێک بەشداریکردنی سوپای سووریا لە هاوبەشیکردنی شەڕ دژی باشووری کوردستان ڕەتکردووەتەوە (کۆچیرا، ٢٠٠٦: ١٩٧- ١٩٨)، بەڵام هەر لەو سەروحەدەدا بوو، کە عەبدولسەلام عارف[٣] سەرۆک کۆماری عێراق سەردانی بەرەکانی شەڕی لە سنوری بادینان کرد، پروپاکەندەی زۆری بۆ سوپای سووریا بڵاو دەکردەوە، بە دروشمی جیاواز هانی سەربازانی سووریا دەدا کە یەک ئامانج کۆیان دەکاتەوە، هەروەها سەردانی سەربازگەی (ئاسیهێ) لە نزیک زاخۆ کرد و چاوی بە لیوای سووریا عەقید فەهد شاعێر کەوت و لەسەر پێشهاتە سەربازییەکان گفتوگۆی زۆریان ئەنجام دا، ئەمەش دەنگدانەوەی زۆری لە جیهانی عەرەبی دروست کرد، چونکە یەکەم دانپێدانانی فەرمی بوو دەربارەی بوونی سوپای سووریا لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، عەبدولسەلام عارف ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بەرەی شەڕەکانی دەکرد، چاودێری گەیشتنی هێزەکانی سوپای سووریا لە ناوچەکانی بادینان کردووە (بارزاني، ٢٠١١: ٢١٥ ؛ الخفاجي، ٢٠١٥: ٢٧١ ؛ محمد، ٢٠٢١: ٥٧)، هەر لەم بارەیەوە عەبدولسەلام عارف لە گوتارێکیدا دەڵێت››سووریەکان ئەرکی پیرۆزیان بەجێ دەگەیەنن و بەم زوانە ناپاک و یاخی و جیابووەکان لە ناو دەبەین›› (جریدة الکشکول، العدد ٣٠٠، موصل، ١٦ یولیو ١٩٦٣) جێگەی باسە دوای سەردانەکەی سەرۆک کۆمار بۆ ناوچەکانی زاخۆ، گومان لەسەر نەهاتنی هێزەکانی سووریا بۆ کوردستان و تەنانەت لەسەر ژمارەی هێزەکانیش کە نزیکەی چەند هەزار سەرباز دەبوون دەرەوێتەوە، چونکە عێراق و سووریا هەموو هەوڵێکی لەو جۆرەییان ڕەتکردووەتەوە، ڕایاندەگەیاندووە بە هیچ جۆرێک سووریا بەشداری ئەو ئۆپراسۆنەی نەکردووە، ئەمەش دەکرێت بڵێین بۆ داپۆشینی شکەستەکانی خۆیان بووە، چونکە سوپای

هاوبەشی سووریا و عێراق توشی زیانێکی گەورە هاتن دەنگدانەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لێکەوتووتەوە (مستەفا، ٢٠٠٧: ١٨١ ؛ کۆچێرا، ٢٠١١: ٣١٢)، هەروەها بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو بابەتە دەبینین لەسەر ئاستی جۆراوجۆر ئەو بابەتە پشتراستکراوەتەوە، بە پێی نامەیەکی مەلا مستەفا بارزانی لە ڕێگەی بالوێزی تارانەوە بۆ ویلسن سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا ناردووە دەڵێت››حوکوومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٦٣)دا سوپایەکی بێگانەی هێناوە بۆ شەڕکردن دژ بە گەلی کورد کە ئەویش سوپای سووریایە›› (مستەفا بارزانی، ویلسن...، ١٩٦٦، وەرگیراوە لە: قەرەداغی، ٢٠١٧: ٦٥)، هەروەها بەڵگەنامەیەکی دیکەی بەریتانی[٤] دووپاتی دەکاتەوە کەوا سووریا بە هێزێکی گەورە بەشداری شەڕی کوردی کردووە، ئەمەش لە نامەیەکی ئیگرتون لە بەغدا بۆ گودچایەڵد لە وەزارەتی دەرەوە لە (١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣) ناردووە، باسی هاتنی سوپای سووریا بۆ ناو خاکی کوردستان دەکات هاتنە ناوەوەی نزیکەی دوو لیوای سوپای سووریا بۆ ناو عێراق، کەوا پێدەچێت ئەم هێزانە هێڵەکانی کاری پێوەندیکردنی یەکەکانی سوپای عێراقیان لە ناوچەکانی موسڵ و زاخۆدا گرتبێتە دەست، هەرچەندە هیچ ڕاگەیەندراوێکی فەرمی لەسەر هاتنی هێزەکانی سووریا دەرنەچووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم هێزە تەنیا لەسەر سنوورەکان و بە دیاریکراویش لە ناوچەکانی زاخۆ و دەهۆک شەڕیان پێدراوە، هەرچەندە هۆکاری نەهاتنی بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەتی بۆ سنوری هەولێر و ناوچەی سەرکردایەتی شۆڕش لە باڵەکایەتی ڕوون و دیار نین، بەڵام ئەم هێزە سەرەتاییەکانی بەشداریکردنیان ڕووبەڕووی زیانێکی زۆر بوونەتەوە، بەرەکانی شەڕیان جێهێشتووە (حەسەن، ٢٠١٦: ٢٣٦). لە هەمانکاتدا کەسایەتی دیاری ڕۆژئاوای کوردستان سەلاح بەدرەدین تەواوی گومانەکان دەڕەوێنێتەوە دەڵێت: ئەو کاتە من تەمەنم (١٨) ساڵ بوو، کاتێک لەشکری سووریا بە بەردەم گوندەکەمان تێپەڕین بۆ شەڕی کورد ژمارەیەکی زۆر سەرباز و چەکی قورسیان پێبوو (چاوپێکەوتن لە ڕێگای زوومەوە لەگەڵ سەلاح بەدرەدین، ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢)[٥]، لە ڕاستیدا ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە، کە سوپای سووریا بە فەرمی بەشداری شەڕی باشووری کوردستانی کردووە، هەروەک ڕۆژنامەی خەبات دەنووسێ ‹‹هاتنی هێزەکانی سووریا لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی عەرەب ناگونجێ، بەڵکوو شوێن پێی کۆمپانیاکانی ئیمپریالیزمی نەوت پەتوتر دەکات، شەڕی هاوبەشیان لە دژی کورد شەڕێکە لە دژی گەلێکی برا›› (ڕۆژنامەی خەبات، تشرینی دووەمی ١٩٦٣).

لەم ماوەیەدا بەهۆی دۆزی کورد پێوەندییەکانی نێوان عێراق و سووریا بە تەواوی خۆی ڕێک خستەوە، تەواوی هەژموونی خۆیان بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕشی کورد لە باشوور ڕاگەیاند، هاوبەشی دروستکردنی پرۆسەی سەربازی لە نێوان عێراق و سووریا چۆن سوودی بە حوکوومەتی عێراق گەیاند، لە هەمانکاتدا لە ڕووی سەربازییەوە بە خراپ بەسەریان شکایەوە، بەتایبەت لە ڕووی مەعنەوی و بە دەرەوە ناساندنی پرسی کوردەوە سوود و گرنگی بە دۆزی کورد بەخشی، چونکە دۆزی کوردی گەیاندە جیهانی دەرەوە و ڕێکخراو و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی ئەمەوە دۆزی کورد کاردانەوەی زۆری لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و وڵاتانی بلوکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دروست کرد، لەبەر ئەوەی بەشداریکردنی هێزەکانی سووریا لەم شەڕەدا دژ بە کورد نارەزایی و نیگەرانی ڕای گشتی پێشکەوتنخوازی ورژاندووە، لەوانەش ڕای گشتی وڵاتانی عەرەبی سەرۆکی لێژنەی (بزووتنەوەی بەرگری لە مافەکانی عێراق) و شاعێری ناسراوی عێراق و کەسایەتی کۆمەڵایەتی محەمەد مەهدی جواهیری بە توندی نارەزایەتیان لە دژی دەربڕیوە، لە بەرانبەر ئەو کردەوانەی کە هەر دوو حوکوومەتی سووریا و عێراق بەرانبەر بە کورد ئەنجامیان داوە، لە دەقی نامەکەیان هاتبوو، ئێمە ڕوو دەکەینە هەموو خەڵکانی خێرخواز کە هەست بە یارمەتیدانی دانیشتوانی کوردستان بە گرتنەبەری نەخشە و پلانی گونجاو

بنێـن، ئەمـەش بـۆ ڕێگەگرتـن لـە پرۆسـەی پاکتاوکـردن و گرژبوونـی پێوەندییەکانـی هەرێمـی بـوو (لازاریـف، ٢٠١٢: ٤٧٥- ٤٧٦ ؛ حصـاف، الجـزء الثالـث، ٢٠١٧: ٣١)، ئـەم بارودۆخـە نیگەرانیـی پارتـی دیموکراتـی کـورد و کۆمەڵگـەی کـوردی سـووریای لـێ کەوتووتـەوە، بەتایبـەت هاتنـی سـوپایەکی زۆری سـووریا بەیاننامەیەکـی ناڕەزایـی و هێرشـکردن بـۆ سـەر باشـووری کوردسـتان ئیدانـە کـردووە، لـە هەمانکاتیشـدا یاداشـتێکیان ئاڕاستەی جەمال عەبدولنـاسر کـردووە و داوای وەسـتاندنی توندوتیـژی لـە کـوردی سـووریا کـردووە، کـە وا لـە بارودۆخێکـی ناخۆشـدان (ئەحمـەد، ٢٠١٢: ٦٠ ؛ محمـد، ٢٠١٥: ١٦١)، هـاوکات هـەر لەگـەڵ دروسـتبوونی سـوپای سـووریا بەشـێکی کوردیـش بوونەتـە سـەرباز لـە نـاو سـوپادا، لـەم بارەیـەوە کاوە عەزیـز لەسـەر زاری ‹‹محەمـەد حمـود›› هـاوڕێ و دراوسـێیان، کـە سـەربازی سـوپای سـووریا بـوو دەڵێت››ئێمەیـان کۆکـردەوە بـێ ئـەوەی بزانیـن دەمانبـەن بـۆ کـوێ، کاتێـک گەیشـتینە جەزیـرە لـەوێ پێیانگوتیـن دەچیـن بـۆ شـەڕی کـورد لـە باشـوور، ئێمـەش ژمارەیـەک کـورد بوویـن ڕەتـی ئەوەمـان کـردەوە بەشـداری لـەو چاڵاکیـە بکەیـن، بۆیـە هەمـوو سـەربازی کوردیـان جیـاواز کردنـەوە و مۆڵەتـی سـێ مانگیـان پێـدان بـۆ گەڕانەوەیـان بـۆ ماڵـەوە›› (چاوپێکەوتـن لەگـەڵ کاوە عەزیـز، ٤ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٣، هەولێـر)[٦]، لـەو کاتـەدا وەکـوو پەرچەکردارێـک بـۆ ئـەو هاوپەیمانییـەی عێـراق و سـووریا کـوردی ئـەو وڵاتانـەش لێکنزیکبوونەوەیـان پێـوە دیاربـوو، شۆڕشـی کوردسـتان تـا بـۆی کرابـێ کـوردی پارچەکانـی دیکـەی داڵـدەداوە و یارمەتـی پێکـردوون، تەنانـەت ببـوە پەناکەیـەک بـۆ خەڵکـی عێراقیـش، چونکـە لـە سـووریا سیاسـەتێکی زۆر تونـد بەرانبـەر بـە کـورد پێـڕەو کـراوە، سـتەم و بێـدادی حوکوومەتـی سـووریا دەردەخـات، سـەدان کـوردی لـە مافـی هاوڵاتـی بـوون بێبەشـکردووە، دەمانگەیێنێتـە ئـەوەی دۆزی کـورد لـە هـەر پارچەیـەک بێـت ئـەوان دژی دەوەسـتنەوە و ڕێگەنـادەن کـورد بـە ویسـتەکانی خـۆی شـاد ببێـت. (سـاڵح، ٢٠٠٧: ٤٧).

هاوبەشـی دروسـتکردنی سـەربازی لـە نێـوان عێـراق و سـووریا ڕەنگدانـەوەی لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی دروسـت کـردووە، دەکرێـت بڵێیـن وڵاتانـی هەرێمـی لەسـەر پرسـی کـورد چەنـدان جـار ڕێککەوتننامـەی گشـتگیر و هاوبەشـیان لـە نێواندا هاتووتـە ئـاراوە، ئەمـەش نـەک هـەر زیانـی بـە بزووتنـەوەی کـورد گەیانـدووە، بەڵکـوو زیانـی زۆری بـە کۆمەڵگـەی کـوردی گەیانـدووە، جێگـەی باسـە کاردانـەوەی زۆری لەسـەر ئاسـتی وڵاتانـی لێکەوتووتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەر یەکـە لـە ڕۆژنامەکانی (جریـدة فلسـطین، جریـدة الاهـرام القاهریـة، الجریـدة المصریـة) باسـیان لـە هاتنـی سـوپای سـووریا بـۆ عێـراق کـردووە، تەنانـەت ئاماژەییـان بـە زیانەکانـی سـووریا کـردووە، کـەوا بەهـۆی ئـەم شـەڕەوە ژمارەیـەک سـەرباز کوژراو و برینداریـان هەبـووە (محمـد، ٢٠٢١: ٥٥)، لـە ڕاسـتیدا میسریـش دژی شـەڕ لەگـەڵ کـورد بـوو، بەتایبەتیـش دژی ناردنـی سـوپای سـووریا بـۆ شـەڕی کوردسـتان بـوو، هەرچەنـدە پێشـتر بەرەیەکـی هاوبـەش لـە نێـوان میسر و سـووریا (الوحـدة السـوریة والمصریـة) هەبـووە، بـەڵام بەهـۆی هەڵوەشـانەوەی ئـەم بەرەیـەوە لەلایـەن سـووریا هیـچ حسـاب نەکردنـی بـۆ میسر پێوەندییەکانیـان تـا ئەندازەیـەک بـەرەو ناخۆشـی بـرد، بۆیـە میسر دژی ناردنـی سـوپای سـووریا بـۆ کوردسـتان بـوو، دەکرێـت بڵێیـن هـەر لـەو ماوەیەشـدا دۆسـتایەتی لـە نێـوان کـورد و میـسر[٧] دروسـت بووبـوو (موسـی، ٢٠١٣: ١٩٠- ١٩١ ؛ جـەلال، ب١، ٢٠١٩: ٢٤٩).

لـە لایەکـی دیکـەوە پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدرێـت، کـە هەڵوێسـتی نێودەوڵەتـی لـە بـارەی دۆزی کـورد و بەشـداریکردنی سـوپای سـووریا لـە شـەڕی باشـووری کوردسـتان پێوەسـت بـووە بـە ململانێـی نیودەوڵەتیـی جەنگـی سـاردەوە، حوکوومەتـی عێـراق جگـە لـە بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتیی سـووریا، لەسـەر ئاسـتی دەرەکـی پاڵپشـتیی وڵاتانـی ڕۆژئـاوای وەرگـرت، بەتایبـەت (ئەمریـکا، بەریتانیـا، ئەڵمانیـا) هاوسـۆزیی خۆیـان لەگـەڵ سیاسـەتەکانی حوکوومەتـی عێـراق دژی کـورد دەربڕیـوە، بـە دابینکردنـی یارمەتیـی دارایـی بـۆ حوکوومەتـی عێراق، بەتایبـەت گەمـارۆی ئابـووری و توانـای سـوپا لـە چـەک

و ژمارە و دەستتێوەردانی بیانی ئەمانە هەمووی لە بەرژەوەندی عێراقدا بوون، ئەمە لە کاتێکدا شۆڕشی کوردی بە هەموو پێوەرێکەوە بەراورد نەدەکرا لەگەڵ سوپای عێراق لە ڕووی سەربازی و لۆجەستی و پێداویستییەکانەوە (جەلیل، ٢٠١٣: ٣٨٤ ؛ بەرزنجی، کۆمەڵەی..، ب٢، ٢٠١٩: ٢٨٠) لە هەمان کاتیشدا شۆڕشی ئەیلوول هاوکاریی ژمارەیەک وڵاتانی هەرێمی و ڕۆژئاوای بۆ دەهات، لەم بارەیەوە عومەر شێخمووس دەڵێت: «لەم ساڵانەی دوایدا بۆم دەرکەوت کە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٦٣- ١٩٧٢) مانگانە حەفتا هەزار دیناری بۆ مەلا مستەفا ناردووە،... مام جەلال پێ گوتم کە: سۆڤیەتییەکان یارمەتیی حزبیشی دەدا، لە سەرەتادا پەنجا هەزار دینار بوو لە دوایدا بوو بە حەفتا هەزار دینار» (ئەحمەد، ٢٠١٨: ٥٢)، هەڵوێستی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژئاوایی زۆر نەرێنی بووە، چونکە بزاڤی نیشتیمانیی کوردیان لە ڕیزی لایەنگرانی بەرەی یەکێتیی سۆڤیەت هەژمار دەکرد، لە بەرانبەردا سۆڤیەت لەو ماوەیەدا پاڵپشتی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە عێراق دەکرد، ئەمەش کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی سیاسی لە ناوچەکە دروست کرد (لازاریف، ٢٠١٢: ٤٧٣).

یەکێتیی سۆڤیەت ئیدانەی توندی پڕۆژەی دیجلەی کرد، پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ خەباتی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان دەربڕی، بە توندی ئەم هێرشەی سووریا مەحکوم کرد، هەروەها پشتگیریی تەواویشی بۆ خەباتی ڕەوای کورد لە پێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی نیشاندا، ئەمەش گرنگی زۆری بە دۆزی کورد بەخشی، بەڵام لەلایەن چاودێرانی سیاسییەوە جێگەی تێرامانە کەوا چ هۆکارێک بوون یەکێتیی سۆڤیەت ئەو هەڵوێستەی مرۆڤایەتی بەرانبەر بە دۆزی کورد وەرگرتبێت؟ هاوکات بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هێرشەکانی عێراق و سووریا، یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێگەی ئەندری گرۆمیکۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت لە (٩ی تەمموزی ١٩٦٣) یاداشتنامەیەکی نارازیی بە باڵوێزی عێراقدا و ئاگاداری دەکاتەوە کە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ڕێگە بۆ دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێز لە کاروباری ناوخۆی عێراق خۆش دەکات، ئەمەش زیان بە سەربەخۆیی عێراق دەگەیەنێت (عیسی، ٢٠٠٨: ١٧٥ ؛ کۆچێرا، ٢٠١١: ٣١٥ ؛ حصاف، ٢٠٢٠: ٣٢) هەروەها هەر لە هەمان ڕۆژدا یاداشتنامەیەکی دیکەی بە باڵوێزەکانی (سووریا، ئێران، تورکیا) داوە، یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەیەکی فەرمی نارەزایی دەوڵەتەکەی پێشکەش بە باڵوێزی عێراق لە مۆسکۆ کرد، هەروەها داوای لە (ئێران، سووریا، تورکیا) کرد، دەستوەردان لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ڕاکرن، هوشیاریشی لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو پێدان، کە ئەنجامی مەترسیداری بۆ سەرییان دروست دەکات، هەروەها چەندان هەنگاوی دیکەی لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە هاویشت، بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕی دژی کورد، بۆیە خەباتی ڕەوای کورد لەلایەن ڕای گشتی و بە تایبەت یەکێتیی سۆڤیەت بە گەرمییەوە پشتگیری لێ کرا، هەوڵەکانی سۆڤیەت بەردەوام بووە لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان[٨] کاردانەوەی دروست کردووە (کۆچێرا، ٢٠١١: ٣١٦ ؛ حصاف، ٢٠٢٢: ٧٤- ٧٥ ؛ حبیب، ٢٠٢٢: ٤٤).

سەبارەت بە زیان و خەسارەتەکانی لەشکری سووریا بیروڕای جیاواز بە دی دەکرێت، هەرچەندە فەهد شاعێر دەڵێت»کەوا هێزەکانی عێراق و سووریا، توانیان ناوچەکانی فیشخابور لە باکووری عێراق پاکبکەنەوە، لە یاخیبووە کوردەکان» (بارزاني، ٢٠١١: ٢١٥ ؛ عیسا، ب١، ٢٠١٤: ٤٧٠)، بەڵام لەلایەکی دیکەوە تێروانینی جیاوازتر دەبینرێت، هێزەکانی کورد لە شەڕی هاوبەشی سووریا و عێراق بەرانبەر بە کورد زیانێکی زۆری بە سوپای سووریا گەیاند، نزیکەی (١١٣) کوژراویان هەبووە، لەم ژمارەیەدا کوژراوانی سووریا زۆر بوون، لەگەڵ چەندان بریندار و دەست بەسەرکراو، ئەمەش بە زیانێکی خراپ بەسەریان شکاوەتەوە (بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٤٦ ؛ عقراوي، ٢٠٠٧: ١٢٩ ؛ موسی، ٢٠١٣: ١٨٩) هەر لە بارەی زیانەکانی سووریا ڕۆژنامەی لۆمەند لە

(١٤ی تەممــوزی ١٩٦٣) هەواڵێکــی لــە ســەرچاوەکانی کــورد بڵاوکردووەتــەوە و ڕایگەیانــد کــە هێزەکانــی کــورد فرۆکەیەکــی سووریيان لــە ناوچــەی (بامەڕنێ) خســتووتە خــوارەوە، هەرچەنــدە قەبــارەی زیانــەکان بــە شــێوەیەکی فەرمــی نازانرێــت، بــەڵام وەک دیــارە لێــرە و لــەوێ ســوپای ســووریا زیانــی جۆراوجــۆری پێکەوتــووە (بلــۆ، ٢٠٠٤: ٧٧ ؛ محمــد، ٢٠٠٦: ٣٦)، هەروەهــا بــە پێــی نامەیەکــی لقــی سلێمانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە دەنــگ و باســی شۆڕشــی کوردســتانی بڵاوکردووەتــەوە، لــە مــاوەی (٤- ٥ ی تەممــوزی ١٩٦٣) ئامــاژە بــە کەوتنەخــوارەوەی فڕۆکەیەکــی ســووریا لــە کەرکــوک کــردووە (لقــی ســلێمانی پارتــی...، ١٣ی تەممــوزی ١٩٦٣، وەرگیــراوە لــە هێــرش، ٢٠٠٣: ١٧٠- ١٧١) لــە بەرانبــەردا زیانەکانــی ناوچــە کوردیــەکان و پێشــمەرگەش بــە دەســتی هێزەکانــی ســووریا دیــار و ڕوون نیــن، بــەڵام بێگومــان ئەوانیــش زیانــی زۆریــان پێکەوتــووە، بەتایبــەت ئــەو ســوپایە بــە پشــتیوانی عێــراق چەنــدان گونــدی کوردیــان وێــران کــردووە و بەشــێکی خەڵکــی مەدەنیــان کوشــتوون (خارواکــی، ٢٠٢٢: ١٩٥)، بــە تایبــەت بــاس لــە دەســتدانی (٣٦) کــەس و (٧٨) برینــدار دەکرێــت، کــە ژمارەیــەک ســەرکردەی ســەربازی وەکــوو (جەمیــل بامەڕنــی، مــەلا ئەنــوەر مائــی، محەمــەد کــوڕی عیســا ســوار، مســتەفا ســێلکی، هرمــز ملــک چکــۆ) لەلایــەن هێزەکانــی ســووریاوە کــوژراون (بارزانــی، بەرگــی ســێیەم، بەشــی یەکــەم،١٤٦ ؛ یوســفی، ٢٠٢١: ٩٧).

پــڕۆژەی هاوبەشــی نێــوان عێــراق و ســووریا ماوەیەکــی کاتــی بــوو، چونکــە بــە هــۆی ململانــی بەردەوامــی ناوخــۆی حزبــی بەعســی عێــراق، ئــەم حزبــی کــردە ســێ ئاڕاســتەی جیــاواز، ئــەم ململانێیــە ڕاســتەوخۆ گوازرایــەوە بــۆ بەرەکانــی شــەڕ و دامودەزگاکانــی حکومڕانــی، بۆیــە مانگــی هەنگوێنــی ئــەوان کۆتایــی پێهــات و قۆناغێکــی دیکــە لــە ژیانــی سیاســی لــە نێوانیــان دەســتپێکرد، هــاوکات مڵملانــی لــە نێــوان عەبدولســەلام عــارف و بەعســییەکان، بــەم شــێوازە عەبدولســەلام عــارف ئــەم هەڵــەی قۆســتەوە، دوای (٩) مانــگ لــە دەســەڵات و حکومڕانــی کودەتــای بەســەر بەعســییەکان ئەنجــام دا، هەمــووی لــە حکومڕانــی دوورخســتنەوە، لــە ئەنجامــی ئــەو هاوکێشــەیە ئــەم هێــزە ناچــار بــوو خێــرا لــە کوردســتان و عێــراق بکشــێتەوە، چونکــە ئــەم گۆڕانکارییــە کاریگەریــی لەســەر هێــزی ســووریاش دروســت کــرد، (درویــش، ٢٠٠٣: ٧٥ ؛ هێــرش، ٢٠٠٣: ٢٠١ ؛ کۆچیــرا، ٢٠٠٦: ١٩٨ ؛ ناوخــۆش، ٢٠١٩: ٨٥) بــۆ ئــەم مەبەســتە عەبدولســەلام عــارف داوای لــە ســوپای ســووریا کــرد ناوچەکانــی کوردســتان بەجێبهێڵــن، بــە مەبەســتی باڵکێشــبوون بەســەر کوردســتان لــە بــڕی شەڕوشــۆڕی خوێناویــی لەگــەڵ بەغــدا، ئەمــەش لەلایــەک پێوەندیــی نێــوان ســووریا و عێــراق لــە قۆناغــی ئاشــتیەوە بــردەوە قۆناغــی گــرژی و ناخۆشــیەوە، بــەڵام لەلایەکــی دیکــەوە قۆناغێکــی دیکــەی ئاشــتی لــە نێــوان کــورد و حکوومەتــی عێراقــی دەســتپێکردەوە (خارواکــی، ٢٠٢٢: ٢٠٠) کــورد لەســەر ئاســتی ناوخــۆی و هەرێمــی پالەپەســتۆیەکی زۆری لەســەر هەبــوو، جگــە لــەوەی لەســەر ئاســتی ناوخــۆی کــورد لــە عێــراق و ســووریا ڕووبــەڕووی چەنــدان بەربەســتی ســەختی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و ئابــووری بوونەتــەوە، لــە هەمانکاتــدا لەســەر ئاســتی هەرێمــی چەنــدان پــڕۆژە و بەرنامــە دژی دۆزی کــورد بــە گەڕخــراون، ئامانجیشــیان کوژانــەوەی شــۆڕش و چالاکــی کــوردی بــووە.

تەوەرەی دووەم

پــڕۆژەی یەکگرتنــەوەی ســێقۆڵی (ســووریا- عێــراق- میــسر) کاریگــەری لەســەر دۆزی کــورد

هــەروەک ئامــاژەی پێکــراوە لــەو ماوەیــەدا چەنــدان گۆڕانــکاری سیاســی لــە سیســتەمی حکومڕانــی لــە ســووریا و عێــراق ڕوویانــداوە، کــە کاریگەریــی زۆریــان لەســەر پێوەندیــی نێــوان عێــراق و ســووریا دروســت کــردووە، بــە جــۆرێ پێوەندییەکانیــان بــەردەوام گۆڕانــکاری بەســەر هاتــووە، ئەمــەش ڕاســتەوخۆ کاریگــەری لەســەر دۆزی کــورد لــە هــەر دووک وڵات دروســت کــردووە، پێوەندیــی بەغــدا و دیمەشــق هەتــا ڕادەیەکــی زۆر لەگــەڵ پێوەندیــی عێــراق بــە دەوڵەتانــی دیکــەی دەوروپشــتیەوە جیــاواز دەبیــنرا، چونکــە ئــەم دوو دەوڵەتــە هاوســێیە، زۆرتریــن هەوڵیــان دروســتکردنی

یەکێتییەکی عەرەبی بووە، بۆ ئەوەی کاریگەری بەسەر جیهانی عەرەبی و وڵاتانی ڕۆژئاوای دروست بکەن، بە دیویکەوە هەوڵێکیش بووە بۆ ئەوەی دۆزی کورد لە هەر دووک وڵات کۆشەگیر بکەن، پێشتر بەرەیەکی هاوبەش لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٦١) لە نێوان میسر و سووریا (الوحدة السورية والمصرية) هاتەکایەوە، بەڵام ئەم بەرەیە بەهۆی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و لە ئەنجامدانی کودەتا لە سووریا هەڵوەشایەوە (شۆڕش، ٢٠٠٢: ٢٦)، دوای ئەو گۆڕانکارییەی کە لە هەر دووک وڵات ڕوویاندا، کەشێکی دیکەی بۆ پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا هێنایە پێشەوە، بەتایبەت لە سووریا و عێراق حزبی بەعس هاتە سەر دەسەڵات، بیر لە دامەزراندنی یەکێتیەکی هاوبەشی نێوان (میسر، سووریا، عێراق) کرایەوە. هەرچەندە دروستکردنی ئەم بەرەیە بە هەوڵی یەکەم دانانرێت، بەڵکوو لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی وڵاتانی عەرەبی زۆرترین هەوڵیان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش چڕکردووەتەوە، بەڵام زۆرجار هەوڵەکانیان بە ئامانج نەگەیشتووە، ئەم بەرەیە کۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، لە سەرووی هەمووشیانەوە دروستکردنی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بۆ بەهێزکردنەوەی پرسی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەشێکیش پێوەندی بە چارەنووسی کوردی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەبوو (بلۆ، ٢٠٠٤: ٩٥ ؛ هڤیرکی، ٢٠١٢: ٨٤)، دەکرێت بڵێین دۆزی کورد هۆکاری نزیکبوونەوەی نێوانیان دادەنرێت، هەرسێ وڵات (سووریا، عێراق، میسر) ستراتیژیان دوو شت بوو، یەک: یەکێتی نەتەوەی عەرەبی، دوو: ڕزگارکردنی فەلەستین، تەنانەت بەهۆی ئەم دوو هۆکارەوە کێشە ناوخۆییەکانی خۆیان سەبارەت بە دیموکراسی و خۆشگوزەرانی پرسی ئازادی و کۆمەڵگەی مەدەنی بە بیانوی هەبوونی یەکێتی عەرەبی فەراموشیان کردوون، بەهۆی ئەمەوە کورد زەرەرمەنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار، ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، سلێمانی).

سووریا و عێراق بە دوای دروستکردنی یەکێتیەکی هاوبەش بە چەشنی بوونیاتنانی نیشتیمانێکی بەهێزی عەرەبییەوە بوون، گفتوگۆی چڕ لە بارەی دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش لە نێوانیان کرا، دەکرێت بڵێین پرسیارە جەوهەریەکە ئەوەیە لە نێوان ئەو هەموو وڵاتانەی عەرەبی بۆچی تەنیا ئەم سێ وڵاتە بوونەتە پێشەنگی دروستکردنی جیهانی عەرەبی ؟ لە ڕاستیدا کۆمەڵێک لێکدانەوە و شرۆڤەی جۆرواجۆر بە خۆوە هەڵدەکرێت، بەتایبەتیش ئەم سێ وڵاتە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی لە نێوانیان بەدی دەکرێت، یەک: لە هەر سێ وڵات سیستەمی پاشایەتی هەڵوەشاوەتەوە و سیستەمی کۆماری شوێنی گرتووتەوە، دوو: بوونی زنجیرەیەک کودەتای سیاسی و سەربازی لە یەک کاتدا کاریگەرییان بە سەر یەکەوە هەبوو، سێ: هەبوونی چەندان نەتەوەی جیاواز لە هەرسێ وڵات، جگە لەوەی لە زۆر بواری جیاواز تێڕوانیان لە یەک نزیک بووە، بەتایبەت لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی عەرەبی بەهێز، لە هەمووشی گرنگتر لە سەر ئاستی دەرەکی بە یەک ئاڕاستە مامەڵەیان کردووە، هەموو ئەمانە وایان کرد نزیکبوونەوەیەک لە نێوانیان دروست ببێت (مار، ٢٠١٠: ١٩٣).

بەهۆی دۆزی کورد پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا نزیکبوونەوە و بەرەو پێشچوونی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە، چونکە لەگەڵ ئەم گفتوگۆیانە پرۆسەی ئاشتی و دانوستان لە نێوان حوکوومەتی عێراق و کورد لە ئارادا بوو، ئەمەش هەنگاوەکانی گفتوگۆی نێوان هەر سێ وڵات زیاتری بردە پێشەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە (٦ی نیسانی ١٩٦٣) گفتوگۆی نێوان نوێنەرانی (عێراق، سووریا، میسر) دەستپێکرد، بۆ ڕێکخستنەوەی گوتاری سیاسی خۆیان چەندان دانیشتن و کۆبوونەوە لە نێوانیان ئەنجامدران، بۆ ئەم مەبەستە شاندێکی عێراقی بە مەبەستی گفتوگۆ سەردانی سووریای کرد، دواتر بە شاندێکی هاوبەشی سووری و عێراقی لە (٨ی نیسان) سەردانی میسریان کرد و چاویان بە جەمال عەبدولناسر کەوت، لەسەر دۆزی کورد شاندەکە بە جەمال عەبدولناسریان ڕاگەیاند دۆزی کورد پرسێکی عەرەبییە، نەک ناوچەی و هەرێمی بێت (محمد، ٢٠٠٥: ١٢١ ؛ محمد، ٢٠١٢: ٨٧- ٨٨ ؛ نصرالدین، ٢٠١٥: ٤٣)، بۆ ئەم مەبەستە هەرسێک دەوڵەت یەکێتیەکی هاوبەشیان لە

(١٧ی نیسانی ١٩٦٣) لە قاهیرە ڕاگەیاند، لەسەر چەندان ڕەهەندی جۆراوجۆر ڕێک کەوتن، بەبێ ئەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان چارەسەر بکەن (محێدین، ٢٠٠٦: ١٨١ ؛ حصاف، ٢٠١٣: ٢٥٢).

سووریا و عێراق هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو تاوەکوو کورد بەشداریی دانیشتن و کۆبوونەوەکان نەبێت، بۆیە سووریا هەموو دەرگایەکی بە ڕووی کورد داخستووە، لەگەڵ چارەسەرکردنی پرسی کورد چ بە شێوەیەکی سیاسی یان بە شێوەی ئاشتی نەبوو، بەڵکوو زۆرتر دەیانەویست لە دژی عێراق بەکاری بهێنن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە هەمیشە کورد لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی هەرێمی بووتە سوتەمەنی ئەو وڵاتانە، هەر کاتێک بیانەوێت کێشەیەکی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دیکە چارەسەر بکەن، کورد دەکەن بە سوتەمەنی ئەو کێشەیە (شۆڕش، ٢٠٠٢: ٤١)، هاوتەریب لەگەڵ گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی هەرسێ وڵات، هاوکات کوردیش هەوڵداوە بەشداری تێدا بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش شاندێکی کورد بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی گەیشتنە بەغدا و توانیان خۆیان لەگەڵ شاندی عێراقی ڕێکخەن و بە یەکەوە بچن بۆ قاهیرە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاویان بە جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر بکەوێت، دوای گەیشتنیان بۆ قاهیرە لە دانیشتنەکەی نێوان شاندی کورد و جەمال عەبدولناسر پرسی کورد[٩] و بیروباوەڕی کورد بەرانبەر بە یەکێتی سێقۆڵی و پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب باسی لێوە کراوە، هەروەها مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە عێراق بوتە باسی نێوانیان، بەهۆی دۆستایەتی نێوان کورد و ناسر سەرکردایەتیی سیاسی کورد ئەم هەلەی بە دەرفەت زانیوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیانە چارەسەری دۆزی کورد بکرێت، بەڵام هەرچەندە میسر لەگەڵ چارەسەربوونی دۆزی کورد بوو، کەچی سووریا و عێراق دژی هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە وەستانەتەوە (بادی، ٢٠٠٨: ٢٤٥ ؛ سەنگاوی، بێ ساڵ: ١٦٣ ؛ سەنگاوی، ٢٠١٤: ٦٤٦ ؛ السنبسي، ٢٠١٣: ١٤٤- ١٤٥) چونکە سووریا و عێراق گەورەترین کێشەی بەردەمیان دۆزی کورد بووە، بۆیە ناسریش ترسی هەبووە لەو بارەیەوە دەڵێت››گومانی تێدا نییە بنەمای حوکمی زاتی مەترسیدارە، هەروەک دواتر هەمان کێشە بۆ سووریاش ساز دەکات، وای بۆ دەچم لە بری حوکمی زاتی بەرێوەبردنی ناوچەیی چارەسەرێکی ماقووڵە›› (الغمراوي، ١٩٧٦: ٤٠٤)، هەروەها کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەربارەی کوردی سووریا دەڵێت: دوا بە دوای ئەوەی ئەو قوتابیانە نامەیەکی جەمال عەبدولناسریان پێ گەیشتووە کە تێدا داوای یەکێتی کورد و عەرەب دەکەن وڵامیان داوەتەوە و لە وڵامەکەیاندا دەڵێیت››کورد پشتگیری شۆڕشی عێراق دەکەن، یەکجار لەوە نیگەڕانن کە کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو زۆر خراپ ڕەفتار لەگەڵ کوردی سووریا دەکات›› (مەزهەر، ٢٠١٤: ٥١٤).

هەر لە سەرەتاوە کورد هەوڵی داوە دڵنیایی بداتە هەر سێ دەوڵەت نابنە هەڕەشە بۆیان، لەگەڵ هەموو جۆرە نزیکبوونەوەیەکن بەو جۆرەی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد بسەلمێنن و کوردیش ئامادەیە پاڵپشتی لەو یەکگرتنە بکات، هەرچەندە کورد نیازپاکی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی دۆزەکەیان بە هەر ڕێگایەک دەربڕیوە، بەڵام ئەم بابەتە پێوەست بووە بە ڕازیبوونی هەرسێ وڵات، ئەمەش ڕەنگە کارێکی ئەستەم بووبێت، بەتایبەت عێراق و سووریا ئامادە نەبوون هیچ مافێکی کورد بدەن (حاجی، ٢٠١٨: ١٦٦)، ئەم بابەتە کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاشتی لە نێوان کورد و حوکوومەتی عێراقی دروست کرد، چونکە بەعسییەکان بە بیانوی هەبوونی دانوستانە سێقۆڵییەکانی (عێراق، سووریا، میسر) بە نوێنەرانی دانوستاندکاری کوردیان ڕاگەیاند ‹‹کە ئەوان ناتوانن بە تەنیا مافی کورد بدەن تاوەکوو ڕای ئەوانیش وەرنەگرن›› (عمر، ٢٠٠٥: ٢٠٠- ٢٠١ ؛ شریف، ٢٠١٢: ١٦٩) بە جۆرێ پرسی کورد لە دەستی عێراق گواسترایەوە بۆ ژێر دەستی وڵاتانی دیکە، واتا دەبێت هەر سێ وڵات کۆک بن لەسەر چارەسەرکردنی دۆزی کورد، بۆیە ئەمە بە تەواوی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی نیگەران کرد، هەرچەندە لە (٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣) سەرکردایەتیی کورد نامەیەکی[١٠] ئاراستەی عێراق و سووریا کرد بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد، بەڵام عێراق و سووریا داوایان لە نوێنەری سەرکردایەتیی کورد کردووە کە جارێ پەلە لە پرۆژەکەیان نەکەن، چونکە پرۆژەی یەکێتیی نەتەوەی

عەرەبی لە نێوان (عێراق، میسر، سووریا) لە ئارادایە، لەگەڵ ئەم هەوڵانە قۆناغی ئاشتی لە نێوان کورد و حوکوومەتی عێراقی بەردەوامی هەبووە، زنجیرەیەک دانیشتن و گفتوگۆی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە، هەر لەم بارەیەوە لە نامەیەکی سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا بۆ لێژنەی ناوچەی ڕانیە دەڵێت‹‹ڕژێمی عێراق بە بیانوی وتووێژە سێقۆڵیەکەی نێوان عێراق و سووریا و میسر لە قاهیرەدا بۆ پێکهێنانی یەکێتی نێوان ئەو سێ وڵاتە داوامان لێدەکات کە جارێ پێ لەسەر جێبەجێکردنی داخوازیەکانی خۆماندا نەگرین و پڕۆژەکەشمان بە جۆرێکی وا فۆڕمەڵەی داڕێژین کە نەبێتە کۆسپ لە بەردەم یەکێتی نەتەوەیی عەرەبیدا›› (بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١١٣).

دروستکردنی ئەم بەرەیە بۆ هەر سێ وڵات لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی ناڕەزایەتی لێ دەکەوێتەوە، لەوانە هەڵوێستی جیاواز لە نێوان سیاسەتمەدارانی عێراقی و سووری هاتە کایەوە، هەر یەکیان ئاڕاستەیەکی جیاوازی هەبووە، بەشێکیان لەگەڵ دروستکردنی پڕۆژەکە بوون و پشتیوانیان لە یەکگرتنەوەی کردووە، بەشێکی دیکە ئەم جۆرە پڕۆژەیان ڕەت کردووەتەوە خوازیاری سەربەخۆیی لە وڵاتەکانیان بوون، جێگەی باسە دروستبوونی ئەم دوو هەڵوێستی جیاواز کاریگەری لەسەر دۆزی کوردیش دروست کردووە، بەوەی کوردی بە تەنیا لە بەرەیەکی ناڕازی نەهێشتووتەوە، بەڵکوو دەرفەتێکی هێشتووتەوە بۆ ئەوەی کوردیش داواکاری خۆی هەبێت (دوئرتی، ٢٠١٢: ٥٧) ئەمە لە کاتێکدابوو هەر پڕۆژەیەک لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی دیکەوە گفتوگۆی لە بارەیەوە کرابێت، کوردیشی دابەشی سەر چەندان بۆچوونی جیاواز کردووەتەوە، بۆیە لەسەر ئاستی کوردی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەڵوێستی جیاواز لەم بارەیەوە بە دیار دەکەون، بەشێکیان بە هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد دایدەنێن، بەشێکی دیکە هەڵوێستێکی نەرێنیان بەرانبەر وەرگرتووە، چونکە حوکوومەتی عێراق و سووریا دژی کورد جوولانەتەوە، ئەمەش وای کرد بەشێک لە کورد هەموو جۆرە پڕۆژەیەکی عەرەبی پێ قبوڵ نەبێت و دژی بوەستێتەوە، هەرچەندە نازانرێت لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیان دەربارەی دۆزی کورد چ جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سووریا و عێراق دژی هەموو داخوازیەکی کورد وەستانەتەوە (فەرهادی، ٢٠٢١: ١٤١)، ئەم بابەتە بە دیدی حوکوومەتی عێراق تەنیا سەرقاڵکردنی کورد بووە، بەتایبەت حزبی بەعس پێویستی بە پرۆسەیەکی ئاشتی هەبوو، تاوەکوو شێوازی حکومڕانی و ئامرازەکانی سەربازی ڕێک بخەنەوە بۆ هەر ئەگەرێکی نەخوازراو ئامادەییان هەبێت، ئەم کات کوشتنە لە بەرژەوەندی کورددا نەبوو، بەڵکوو بە سوودی حوکوومەتی عێراقی تەواو بوو، چونکە بە تەواوی دامودەزگاکانی خۆی ڕێک خستەوە، گفتوگۆ سێقۆڵییەکانی لە قاهیرە جارێکی دیکە نیشانی دەدا کە سەرانی بەعسی عێراق گەمەیەکی دوو لایەنەیان کردووە و هەرگیز نیاز و مەبەستیان نەبوو بە ڕاستی لەگەڵ کورددا ڕێک بکەون، هەر چەندە کورد چەندان هەنگاوی باشی هاویشت تاوەکوو لەگەڵ حوکوومەتی عێراقی ڕێک بکەون و چارەسەری دۆزی کورد بکەن، بەڵام گشت هەوڵەکانیان بێ سوود مایەوە (کۆچێرا، ٢٠١١: ٣٠٦).

سەبارەت بە تێڕوانینی هەر سێ وڵات بەرانبەر بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەو گفتوگۆیانەدا جیاواز بووە، جەمال عەبدولناسر نیازی چارەسەرکردنی دۆزی کوردی هەبووە، چونکە پێوابوو ئەگەر دۆزی کورد بە ڕێگەی ئاشتی چارەسەر نەکرێت ئەوا تورکیا و ئێران سوودی لێدەبینن و لە دژی ئێمە بەکاری دێنن (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحموود عوسمان، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، هەولێر)[11]، بۆیە جەمال عەبدولناسر بە حوکوومەتی عێراقی ڕاگەیاندووە، کە ئەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە تەنگ و چەڵەمەی ناوخۆ نەهێڵین و پرسی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا نەبێتە کۆسپ لە بەردەم ڕێگەمان (نەجم سەنگاوی، بێ ساڵ: ١٧٣)، هەر لەم بارەیەوە لە دیمانەیەکی لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی (لۆمەند)ی فەرەنسی جەمال عەبدولناسر دەڵێت: کورد گەلێکە برای عەرەبە، ئەوان وەکوو هەر گەلێکی دیکە مافی خۆیانە لە چوارچێوەی عێراقدا داوای ئۆتۆنۆمی بکەن، دواجار ئەو قۆناغە ئاشتیەش دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ

یەکێتی لە نێوان عەرەب و کورد بۆ ڕووبەرووبوونەوەی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە هەموو بوارەکانەوە (کۆچێرا، ٢٠٠٣: ٣٠٢ ؛ فەرهادی، ٢٠٢١: ١٣٨)، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی داوەتکردنی مەلا مستەفا بارزانی کردووە، بەڵام حوکوومەتی عێراق ئەم بابەتە بە هەموو شێوەیەک ڕەت کردووەتەوە، چونکە بە دیدی ئەوان پرسی کورد پێوەندی بە ناوخۆی عێراقەوە هەیە، پێویست دەکات لە نێوان خۆیاندا چارەی بکەن، بەڵام هەموو نیازێکی حوکوومەتی عێراقی بەرێکردنی کات بوو، بەڵکوو هیچ هەوڵێکی بۆ چارسەرکردنی پێی نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا کوردیش هیچ کارتێکی فشاری نەبوو، جگە لە دەستپێکردنەوەی شەڕ (کۆچێرا، ٢٠١١: ٣٠٦)، لەگەڵ هەموو پشتگیریەکی بۆ دۆزی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەمال عەبدولناسر ترسی ئەوەی هەبوو، ئەگەر ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت، ڕەنگە پلە و پایەی لە جیهانی عەرەبی بکەوێتە بەر مەترسی، چونکە تاکە سەرکردە بوو لەگەڵ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بووە، کەواتە دەکرێت بڵێین دۆزی کورد هۆکاری بە یەک نەگەیشتنی پرۆژەی سێقۆڵی نێوانیان دادەنرێت، کە بۆتە بەربەست لە بەردەم یەکگرتنی هەر سێ وڵات، چونکە بەهۆی هەبوونی شۆڕش لە باشوور و چالاکی سیاسی لە ڕۆژئاوا کێشەی بۆ هەر سێ وڵات دروست کردووە، بە دیدی ئەوان چارەسەرنەکردنی پرسی کورد لە ئایندەدا کێشە لە بەردەم پرۆژەکەیان دروست دەکات، بەتایبەتیش ناسر بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دابووە (کۆچێرا، ٢٠٠٣: ٣٠٢).

حوکوومەتەکانی (عێراق، سووریا، میسر) بۆ دامەزراندنی یەکێتی سێقۆڵی لە نێوانیاندا نەگەیشتنە ئەنجام، دوای تێکچوونی پێوەندییەکانی نێوان جەمال عەبدولناسر و حزبی بەعس لە عێراق و سووریا، ناسر هەوڵەکانی خۆی خستەگەر بۆ دۆزینەوەی دژە بەعسییەکان لە عێراق و هانی دەدان بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکارییەک لە حوکوومەتدا، هاوکات لەگەڵ نەبوونی هیچ ئەگەرێکی سەرکەوتن لە یەکێتی لەگەڵ میسردا هەر دووک حزبی بەعسی سووریا و عێراق ڕوویانکردە زیادکردنی هاوکاری لە نێوان خۆیاندا (درویش، ٢٠٠٣: ٢٨ ؛ مار، ٢٠١٠: ١٩٤ ؛ کۆچێرا، ٢٠١١: ٣١٣)، لە بەرانبەر پەرچەکرداری میسر حوکوومەتی عێراق و سووریا ڕێککەوتنێکی سەربازی ئەنجام دا، دواتر پەیمانێکی ئابووریشی بە دواوە هات، ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی نیگەڕانیی میسر بەرانبەر بەم هاوپەیمانییە، بۆ ئەوەی بەرنامەی سیاسی و سەربازی خۆیان پێی جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەو یەکێتیەی نێوانیان کاریگەرییەکی ئەو تۆی دروست نەکرد، چونکە دروستکردنی هەر یەکێتیەکی دوو قۆڵی یان سێقۆڵی ئەگەر پێشووتر دۆزی کورد چارەسەر نەکردبێت سەرکەوتوو نابوو (سەنگاوی، بێ ساڵ: ١٧٣)، دەردەکەوێت کە لەو ماوەیەدا چەندان کۆبوونەوە و گفتوگۆی چڕی عێراق و سووریا دەربارەی دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش بەڕێوەچووە، بەڵام هیچ پڕۆژە و بەرنامەیەکیان سەرکەوتوو نەبووە، چونکە یەکێک لە بەربەستە سەختەکانی بەردەمیان دۆزی کورد بووە، بە هێشتنەوەی پرسی کورد وەک خۆی پێوەندییەکانیان زیاتر ئاڵۆز کردووە، ئەمەش وای کردووە سەرجەم بەرنامە و پلانەکانیان بەهۆی دۆزی کوردەوە سەرکەوتوو نەبن.

تەوەرەی سێیەم

پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا دوای پڕۆژەی سێقۆڵی، کاریگەری لەسەر دۆزی کورد (١٩٦٣- ١٩٧٠)

عێراق و سووریا قورساییی سیاسی خۆیان خستبووە سەر دۆزی کورد، لەلایەکەوە عێراق سەرقاڵی پرۆسەی ئاشتی لە باشووری کوردستان بوو، تاوەکوو دایمرکێنێتەوە، لەلایەکی دیکەوە سووریاش سیاسەتی گرتن و چەوسانەوەی بەرانبەر بە کورد پێڕەو کردووە، چونکە مەترسی ئەوەی هەبوو هاوشێوەی باشووری کوردستان لە سووریاش شۆڕش ڕووبدات، بۆیە ڕێوشوێنێکی ئەمنی توندی بەرانبەر بە کورد گرتووتەبەر، حوکوومەتی عێراق و سووریا بە بەردەوامی چەندان بەرنامەی کەسی و گشتیان لەسەر کورد تاقیکردووەتەوە، لە هەر سەردەمە پلانی تایبەتی خۆیان بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان داناوە و هەموو توانایەکی دەوڵەتیشیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە، ئەمەش لە پێناو چەسپاندن

و جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان هەموو هەنگاوێکی خراپیان بەرانبەر بە کورد گردووتەبەر (مەخمووری، ٢٠٠٦: ٧٣)، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر ئاستی تاکەکەسیش چەندان پڕۆژە و بەرنامەی جۆراوجۆر خرانەتەڕوو، لەوانە پڕۆژەی محەمەد تالیب هیلال (١٩٣١- ٢٠١١) لە (١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣) پڕۆژەیەکی پێشکەشی دەسەڵاتدارانی سووریا کرد، لەو پڕۆژەیە ئاماژە دەکات بەوەی نەتەوەیەک بە ناوی نەتەوەی کورد بوونی نییە، چونکە پێیوایە تایبەتمەندی نەتەوە لە ناو کورددا بوونی نییە، هەروەها نیشتیمانێکی نەتەوەییشیان نییە، بەڵکوو ئەمانە کۆمەڵێک خەڵکی نیشتەجێی شاخەکانن کە سروشتەکەیان جیای کردوونەتەوە، نە مێژوو، نە شارستانی، نە زمان و نە ڕەگەزیان نییە (کەریم، ٢٠١٣: ٢١٥) جێگەی باسە ئەم پڕۆژەیە زیاتر بە سیاسەتێکی شۆڤێنی بەرانبەر بە دۆزی کورد نووسراوەتەوە، جگە لەوەش هەوڵێک بوو بۆ ڕاگواستن و گواستنەوەی کوردی سووریا بۆ شوێنی دیکە، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد دروست کرد، بە جۆرێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانیان لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەرەو خراپی و ناخۆشی چووە، هەر دووک وڵاتیش لەم تەنگەژەیە ڕۆڵێکی خراپیان گێراوە (ئەندرسن، ڕەشیدیان، ١٩٩١: ٧٢ ؛ مەلا، ٢٠٠٤: ٢٣).

دوای دوورخستنەوەی بەعسییەکانی عێراق لە دەسەڵاتدا، ئەم ڕەوشە بۆ کورد دوو سەرە بوو، لەلایەک ئومێدی دەخواست بە دوورخستنەوەی بەعسییەکان بارودۆخەکە ئاسایی ببێتەوە، گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی حوکوومەتی عێراق دابێت بەرانبەر بە دۆزی کورد و شەڕی نێوانیان کۆتایی پێ بێت، لەلایەکی دیکەوە چاوەڕێ دەکرا بەهۆی ئەم ڕەوشەوە پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا لە دۆستایەتی و نزیکی بگۆڕێت بۆ لێکترازان و دوورکەوتنەوە، چونکە هەر کاتێک لە یەکترییەوە دوور بن یان کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبێت سوودی بۆ کوردی باشوور و ڕۆژئاوا دەبوو، بەتایبەتی بۆ شۆڕشی کورد لە باشور گرنگی تایبەتی دەبوو (شۆڕش، ٢٠٠٢: ٣٢ ؛ بادی، ٢٠٠٨: ٢٣٨- ٢٣٩ ؛ ناس، ٢٠١٩: ٨٧). ئەم گۆڕانکاریانەی عێراق کاریگەری لەسەر حزبی بەعسی سووریا دروستنەکرد، بەڵکوو هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ لە هەڵوێستی بەعسی سووریا بەرانبەر بە دۆزی کورد لە عێراق نەبینرا. ئەوەی زۆرتریش ئەو هەڵوێستە ناجۆرەی سوورییەکانی قۆڵتر کردەوە بەرانبەر بە کوردی باشوور، هەڵوێستە توندڕەوەکەیان بەرانبەر بە دۆزی کورد لە ناو سووریا خۆیدا بوو (شۆڕش، ٢٠٠٢: ٤١).

پێوەندییەکانی عێراق و سووریا وەک خۆی بە خراپی مایەوە، لە (٥- ١١ی ئەیلوولی ١٩٦٤) لە کۆنگرەی دووەمی وڵاتانی عەرەبی (مؤتمر القمة العربية) کە لە ئەسکەندەرییە بەسترا، لە میانی کۆبوونەوەکەدا عەبدولسەلام عارف سەرۆکی عێراق و ئەمین حافز سەرۆکی سووریا بە سەرپەشتی جەمال عەبدولناسر کۆ بوونەوە و باسوخواسی چاککردنەوەی پێوەندییەکانیان و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە گفتوگۆی لە بارەیەوە کراوە، هاوکات چەندان جاری دیکە هەر دووک دەوڵەت لەسەر ئاستی باڵا کۆبوونەتەوە، بەڵام ئەنجامێکی ئەو تۆیان لەسەر پێوەندییەکان بەرهەم نەهێناوە (محمد، ٢٠٠٥: ١٥١- ١٥٢) بەردەوامبوونی شۆڕشی کورد لە ڕووی ئابووری و مرۆییەوە زیانی زۆری بە حوکوومەتی عێراقی گەیاندووە، ئەمەش وای کرد بیر لە دانوستان و گەیشتن بە ڕێککەوتن بکەنەوە، وەکوو پێشتر باس کرا، قۆناغی ئاشتی لە نێوان کورد و حوکوومەتی عێراقی لە ئارادا بوو، بۆ ئەم مەبەستە لە نێوان کورد و حوکوومەتی عێراقی چەندان گفتوگۆ و دانیشتن ئەنجامدراوە، ئەوە بوو لە (١٠ی شوباتی ١٩٦٤) گفتوگۆی نێوان کورد و حوکوومەتی عێراقی دەستپێکرد، کە چەندان خاڵی[١٢] گرنگی لە خۆ گرتبوو لەوانە دانانی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بۆیە قۆناغی ئاشتی لە نێوان کورد و حوکوومەتی عێراق بە خۆیەوە بینیوە (زانکۆیا دهۆک، ٥٠/ ١٩١، ١٢/ ٣/ ١٩٦٥ ؛ شۆڕشی کوردستانی عێراق، ١٩٧٠: ٣٠).

سووریا و عێراق سیاسەتیان بەرانبەر بە کوردی

باشـــوور و ڕۆژئـــاوای کوردســـتان ڕوون و دیـــار بـــووە، لەسـەر ئـەوە کـۆک بـوون کۆتـای بـە شـۆڕش و دۆزی کـورد بهێنـن، جێگـەی باسـە پێگـەی کـورد بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە سیاسـەتی بەعسـدا دوو ئاڕاسـتەی بـە خـۆوە بینیـوە، یەکەمیـان خـۆی لـە هەمـوو ئـەو پەیماننامـە و ڕێککەوتننامـەدا دەبینێتـەوە کـە لەگـەڵ دەوڵەتانـی دیکـە بـە مەبەسـتی لێدانـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد و لاوازکردنـی بەسـتویەتی. دووەمیشـیان بـە ڕووکـەش نیشـانی جیهانـی دەرەوەی داوە، گوایـە بەعـس سـەرجەم مافەکانـی کـورد جێبەجـێ دەکات، هەروەهـا چەنـدان شـاندی لـە ئەوانـی لای خەڵـک و شۆڕشـی کـوردەوە پێیـان دەگوتـرا جـاش (خۆفرۆشـەکان) پێکدەهێنـا و دەیناردنـە دەرەوە بـە مەبەسـتی پڕۆپاگەندەکـردن بـۆ بەعـس و بیانـو هێنانـەوە بـۆ سیاسـەتەکانی لـەوێ وەک نوێنـەری کـورد دەیناسـاندن (مستەفا، ٢٠٠٧: ٢٨٨)، تەنانـەت ئـەم سیاسـەتە لـە سـووریاش هەبـوو، بـواری بـۆ هەندێـک کـەس لـە کـورد ڕەخسـاند کـە پلـە و پایـە لـە دەسـەڵات وەربگـرن، لـە سـاڵی (١٩٦٤) دەسـەڵاتی سـووریا شـێخ ئەحمـەد کەفتـارو بـە پلـەی موفتـی گشـتی لـە سـووریا دامەزرانـد، هەروەهـا چەنـدان کەسـایەتی دیکـەی کوردیـش پلـە و پایـەی بەرزیـان لـە حوکوومـەت وەرگـرت وەک محمـود ئەیوبـی لـە مـاوەی (١٩٧٢- ١٩٧٦) سـەرۆکی وەزیـران بـووە، هەروەهـا چەنـدان کـوردی نزیـک خۆیـان بوونەتـە ئەنـدام پەرلەمـان، ئەمـە لـە دەسـەڵاتداریەتی ناوچەییـدا چەنـد کەسـێک پلەیـان پێـدرا، زۆرجـار بەرپرسـەکانی سـووریا ئـەو کەسـە کوردانـە بـە نموونـە دەهێننـەوە وەک هۆکارێـک گوایـە لـە بەشـداری پێکردنـی کـورد لـە دەوڵەتـدا یەکسـانیان ڕەچـاو کـردووە (ئەرگوشی، ٢٠١٢: ٣٥)، لەگـەڵ بەردەوامـی شۆڕشـی ئەیلـوول، لـە نـاو سـەرکردایەتی پارتیشـدا دوو ڕەوتـی جیـاواز دروسـتبوون، لایەنێکیـان لەگـەڵ درێـژەدان بـە ڕێـگا چـارەی سـەربازی لەگـەڵ حوکوومەتـی عێـراق دابـوون، لایەنـی دیکەیـان لەگـەڵ ڕاگرتنـی شـەڕ و بـواردان بـە ڕێگەچـارە دیپلۆماسـیەکان دابـوون، دەکرێـت بڵێیـن لەگـەڵ بوونـی ئـەم دوو ڕەوتـە جیـاوازە لـە نـاو بەعـس و کـورد، نەتوانـر بوارێـک ڕێـک بخـەن بـۆ گفتوگـۆی ئاشـتییانە و کۆژانـەوەی سـەرجەم کێشـە هەڵپەسراوەکانـی نێوانیـان، بەڵکـوو کەشـوهەواکە ڕێگـەی بـۆ دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ خـۆش کـرد، سـووریاش هەوڵـی داوە هـاوکاری کـوردی باشـووری کوردسـتان بـکات، بـۆ ئـەوەی بەرەیەکـی دژ بـە عێـراق بکاتـەوە، بۆیـە سـووریا ڕۆڵێکـی گرنـگ و کاریگـەری لـەم هاوکێشـەیە بینیـوە. (محێدیـن، ٢٠٠٦: ٣٦).

پێوەندیـی نێـوان کـورد لـە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـە باشـی بینیـراوە و لـە زۆر شـتدا هـاوکاری یەکتریـان کـردووە، سـەرەڕای ئـەوەی چەنـدان خاڵـی هاوبـەش لـە نێوانیانـدا بـەدی دەکرێـت، هـاوکات هـەر ڕووداوێـک لـە باشـوور ڕووی دابایـە ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر ڕۆژئـاواش دروسـت دەبـوو، ئـەوەی لـەم ماوەیـەدا لەسـەر شـانۆی سیاسـیی باشـوور دەرکـەوت لـە سـاڵی (١٩٦٤) لێکـترازان[١٣] باشـووری کوردسـتانی گرتـەوە، بـە جـۆرێ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق دابەشـی سـەر دوو بەشـی جیـاواز کـرد، ئەمـەش کاریگـەری خراپـی لەسـەر نـاو ماڵـی کـورد و شۆڕشـی ئەیلـوول دروسـت کـرد، وڵاتانـی هەرێمـی (عێـراق، سـووریا، ئێـران، تورکیـا) ڕۆڵـی خراپیـان لـە ئاڵۆزکردنـی بارودۆخەکـەدا بینیـوە، بـە تایبـەت هـەر وڵاتێـک هـاوکاری و جـۆش و خرۆشـی باڵێکـی کـردووە، بـە مەبەسـتی پەرتکردنـی ڕیزەکانـی پارتـی و لاوازکردنـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد ئاگرەکەیـان لـە نـاودا خۆشـکردووە، ئەمـەش کاریگـەری خراپـی لەسـەر دۆزی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان دروسـت کـرد، دواجـار ڕەنگدانـەوەی لەسـەر پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بەتایبەتـی سـووریا دروسـت کـرد، ئـەم فۆرمـە گوازرایـەوە بـۆ ڕۆژئـاوای کوردسـتان، لێکـترازان سـنوری باشـووری کوردسـتانی بـری و کاریگـەری لەسـەر پارچەکانـی کوردسـتان و دەرەوەش دروسـت کـرد، ئـەو ململانێیـە بـە هـەر دوو شـێوازی سـتوونی و ئاسـۆی ڕەگێکـی قووڵـی لـە لێکـترازان و دوورکەوتنـەوەی دۆزی کـورد ڕاکێشـا، بـەم شـێوازە لێـرە بـە دواوە بزووتنـەوەی کـورد بـە دوو ئاڕاسـتەی جیـاواز لـە باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەرکـەوت، کاریگـەری خراپـی لەسـەر کـورد

دروست کرد (الموصلي، ٢٠٠٠، ١٧٦- ١٧٧ ؛ احمد، ٢٠٠١: ٢٠٧- ٢٠٨) لە ئەنجامی ئەمەدا پارتی دیموکراتی کوردی سووریاشی گرتەوە، چونکە ئەندامانی پارت کاریگەری باشووریان لەسەر هەبوو، دابەشی سەر دوو بەرەی جیاواز بوون لەم نێوەندەدا حوکوومەتی سووریا ڕۆڵێکی دیاری لە لێکترازان و پەرتکردنی دۆزی کورد هەبووە، ئەمەش بووە هۆی بێبەشکردنی کورد لە دەنگدان و ژیانی سیاسی و حکومڕانی، دابەشبوونی ڕۆشنبیرانی کوردی سووریا بەسەر دوو بەرەی ڕاست و چەپ ناو ماڵی کوردیشی لەم بەشەدا پەرتەوازە کرد، دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەم دابەشبوونە دەکەڕێتەوە بۆ کاریگەری باشووری کوردستان لەسەر کوردی ڕۆژئاوا، بە جۆرێ باڵی چەپ کاریگەری مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هەبوو، هەروەها باڵی ڕاست زیاتر بەلای جەلال تالەبانیەوە دەشکایەوە، باڵی چەپ داوای مافی نەتەوەییان بۆ کورد دەکرد وەکوو نەتەوەیەک کەوا لەسەر خاکی خۆیان ژیانیان بەسەر دەبەن، ئەمە لە کاتێکدا باڵی ڕاست کوردیان بە کەمینەیەکی ڕاگوێزەر بۆ ناو خاکی سووریا دەزانی، داوای مافێکی کەمیان لە سووریا دەکرد (بریمو، ٢٠١٣: ٧٧- ٧٨ ؛ فلیپس، ٢٠١٦: ١٥٤)، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەدا پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا بە شێوەیەکی فەرمی لە کۆنفرانسی پارتەکەیان لە (٥ی ئابی ١٩٦٥) لێکترازانیان[١٤] لە نێودا ڕووی دا، دابەشی سەر دوو ستوونی جیاواز بوون، کەواتە یەکێک لە هۆکارەکانی لێکترازانی ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی کاریگەری لێکترازانی باشوورەوە بوو، ئەمەش لە مێژووی کورد یەکەم ململانێیە کە پەرەسەندنی بە خۆوە دەبینێ و لە بەشێکەوە دەچێتە گشت گۆڕەپانی نەتەوەییەوە، دەکرێت بڵێین لێکترازانی هەر دووک پارچەی کوردستان کاریگەری لەسەر دۆزی کورد داناوە، بۆ ئەم مەبەستە بە دڵ و خواستی سووریا و عێراقیش بووە، چونکە حوکوومەتی عێراق لەگەڵ پەرتکردن و لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد لە باشوور دابوو، بە هەمان شێوە حوکوومەتی سووریاش لەگەڵ تێکدانی ناو ماڵی کوردی بوو، بۆ ئەوەی چالاکی کورد پەرتەوازەی پێوە دیاربێت، بەهۆی ئەمەوە قۆناغێکی ئاڵۆز و پەشۆکاوی بۆ دۆزی کورد دەست پێ دەکات (جزاع، بدون السنة: ٩٥- ٩٦ ؛ بریمو، ٢٠١٣: ٧٥ ؛ ئەحمەد، ٢٠١٨: ٤٤)، لە ئەنجامی ئەو ململانێیە گۆڕەپانی سیاسی بۆ دروستبوونی پارتی دیکە کرایەوە، ئەوە بوو لە کۆنفرانسی (٥ی ئابی١٩٦٥) پارتی دیموکراتی چەپڕەوی کوردی لە سووریا دامەزرا (میراني، ٢٠٠٩: ٩٩- ١٠٠)، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێکترازان و دوورکەوتنەوەی لە ناو ڕیزەکانی کورد لە سووریا زیاتر دەبوو، ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتی حوکوومەتی سووریا بوو، بۆ ئەوەی ئەو پارت و گرووپانە نەتوانن یەک بکرنەوە و بە قەبارەی گەورە و یەک پارچەی دەرنەکەون، تەنانەت کوردی دابەشی سەر دوو هەڵوێستی جیاواز کرد، هەروەها خۆشیان یەک بۆچوون و تێڕاونینیان لەسەر چارەنووسیان نەبوو، بەڵکوو بەردەوام کێشە و ناکۆکییان لە نێواندا هەبووە (جزیري، ٢٠١٧: ٥٣٨- ٥٣٩)، ئەو لێکترازانانەی کورد لە هەر دووک پارچەکە سوود و گرنگی زۆری بۆ حوکوومەتی عێراق و سووریا گەیاندووە، چونکە بزووتنەوەی کوردی لە هەر دووک وڵات پەرتەوازە و پەکخستووە، هەر یەکەیان بەشێکی کوردیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، بەو ئەندازەیە زیانێکی گەورە لە ناو ماڵی کورد گەیاند، کە دوای چەندان ساڵیش کاریگەری لەسەر کورد بەجێ هێشت. (محمود، ٢٠١٠: ١٩٠ ؛ همایەر و هێکمان، ٢٠١١: ١٥).

دۆزی کورد کاریگەریی زۆری لەسەر پێوەندییەکانی عێراق و سووریا دروست کردووە، لەگەڵ ئەوەش دا کورد لە سووریا و عێراق هەمیشە هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بەڵکوو کێشەکانی خۆیان لەگەڵ حوکوومەتەکانی سووریا و عێراق چارەسەر بکەن، دۆزی کورد لە دیدی کوردی سووریا لەگەڵ ئەوە دابوون بە هیچ شێوەیەک کێشە لەگەڵ حوکوومەتی سووریا دروست نەکەن، ئەمە لە کاتێکدا حوکوومەتی سووریا بە چری چاودێری هەر جووڵەیەکی کوردی کردووە، هەروەها

ژمارەیەکـی زۆری کەسـایەتی کـورد خسـتووتە زیندانـەوە، ناوماڵـی کوردی پەرتـەوازە کـردووە (ئەرگوشـی، ٢٠١٢: ٣٩). هەرچـی ڕەوشـی باشـووری کوردسـتان بـوو، پرۆژەیەکـی ئاشـتی لـە نێـوان کـورد و حوکوومەتـی عێراقـی هەبـووە، بـەڵام حوکوومەتـی عێراقـی بـەردەوام خـۆی دەدزیـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە نامەیەکیـدا مـەلا مسـتەفا بـۆ سـەرۆکوەزیرانی عێـراق لـە (١٢ی ئـاداری ١٩٦٥) داوای کـردووە حوکومـەت پێبەنـد بێـت بـە بەڵێنەکانـی خـۆی و هەمـوو ئـەو مادانـە جێبەجـێ بـکات، کـە لەسـەری ڕێککەوتـوون (زانکۆیـا دهـۆک، ٥٠/ ١٩١، ١٢/ ٣/ ١٩٦٥)، بـەڵام حوکوومەتـی عێـراق ئامانجـی چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد نەبـوو، لـە ئەنجامـی ناجێگیـری بارودۆخـی ناوخـۆی حوکوومەتـی عێـراق، پێوەندیـی نێـوان کـورد و حوکوومەتـی عێراقـی بـەرەو تێکچـوون چـووەوە، هـاوکات قۆناغـی ئاشـتی لـە نێوانیـان کۆتایـی هـات، لـە ئەنجامـی ئەمـەدا سـوپای عێـراق لـە (٢ی نیسـانی ١٩٦٥) دەسـتی بـە ناردنـی سـوپا بـۆ باشـووری کوردسـتان کـردەوە، بـە زنجیرەیـەک هێـرش و پەلامـاری چـڕ دەسـتی بـە هێرشـەکان بـۆ سـەر ناوچەکانـی کوردسـتان کـردووە، سیاسـەتی زەوی سـوتان و تێکدانـی ژێرخانـی ئابووریـی کوردسـتان پێـڕەو کـرد (ئەلعامـری، ٢٠٢١: ٢١١).

پێوەندییەکانـی نێـوان عێـراق و سـووریا لـە سـاڵی (١٩٦٦) بـەرز و نزمیـی زۆری بـە خۆیـەوە بینیـوە، لـە هـەر دووک وڵات گۆڕانکاریـی جۆراوجـۆر ڕووی دا، بەهـۆی بوونـی ملمڵانـی ناوخـۆی حزبـی بەعسـی عەرەبـی ئیشـتراکی لـە سـووریا کودەتایـەک لـە (٢٣ی شـوباتی ١٩٦٦) لەلایـەن سـەلاح جەدیـد (١٩٢٦- ١٩٩٣) سـەرۆکی ئـەرکان و محەمـەد عمـران و حافـز ئەسـەد و چەنـدان ئەفسـەری دیکـەی سـووری هاتـە ئەنجامـدان، بەمـەش گۆڕانـکاری دیکـە لـە سـووریا هێنایـە ئـاراوە، ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر پێوەندییەکانـی سـووریا و عێـراق دروسـت کـرد، چونکـە ئەوانـەی ئـەو کودەتایـان ئەنجام دا لـە بنەڕەتـدا دژی بەعسـییەکانی عێـراق بـوون، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نورەدیـن ئەتاسـی کرایـە سـەرۆک کۆمـار و یوسـف زەعیـم کرایـە سـەرۆکوەزیران، هـاوکات کـوردی سـووریاش ئـەم گۆڕانکارییـە بـە بایەخـەوە وێناکـردووە بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد، ئەمـەش حزبـی بەعسـی کـردە دوو بـەش و دوو ئاڕاسـتەی دژ بـە یـەک، بۆیـە هـەر دووکیـان کاریگەریـی زۆریـان لەسـەر عێـراق و سـووریا هەبـوو (محمـد، ٢٠٠٥: ١٥٦- ١٥٧ ؛ العابدیـن، ٢٠٠٨: ٤٠٥ ؛ دیـب، ٢٠١٢: ٢٦٩ ؛ ؛ زکـي، ٢٠١٣: ٤٦)، لـە بەرانبـەر ئـەو گۆڕانکاریـەی سـووریا، دواجـار عێراقیشـی گرتـەوە، لـە دوای مردنـی عەبدولسـەلام عـارف لـە (١٣ی نیسـانی ١٩٦٦)، دواجـار برایەکـەی عەبدولرەحـمان محەمـەد عـارف لـە (١٦ی نیسـانی ١٩٦٦- ١٧ی تەممـوزی ١٩٦٨) دەسـەڵاتی کۆمـاری عێراقـی گرتـە دەسـت، پێوەنـدی کـورد و حوکوومەتـی نوێـی عێـراق بـەرەو ئاسـاییبوونەوە چـوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە (١٧ی نیسـانی ١٩٦٦) بـۆ مـاوەی مانگێـک ئاگربەسـتی ڕاگەیانـد، ئەمـەش بـۆ پێدانـی دەرفەتێـک بـوو بـۆ حوکوومەتـی نـوێ عێـراق بـۆ ئـەوەی چـاو بـە داواکارییەکانـی کـورد بخشـێنێتەوە (ئەلعامـری، ٢٠٢١: ٢١٨)، بـەڵام بارودۆخـی عێـراق لـە سـەردەمی ئـەو ڕۆژ بـە ڕۆژ بـەرەو تێکچـوون چـوو، هـاوکات دوای زنجیرەیـەک شـەڕ و پێکدادانـی سـەربازی لـە نێـوان کـورد و حوکوومەتـی عێـراق، بەتایبـەت شـەڕی هەندرێـن حوکوومەتـی عێراقـی توشـی شکەسـتی کـرد و زیانێکـی زۆری پێگەیشـت (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان...، ١٩٩٧: ١٢٧)، سـەرئەنجام حوکوومەتـی عێراقـی جارێکـی دیکـە لـە (١٢ی ئایـاری ١٩٦٦) ئـارەزووی ئاشـتی ڕاگەیانـد و لایەنـی کوردیـش ئامادەییـان دەربـڕی لـە هەمانکاتیشـدا عەبدولرەحـمان عـارف سـەرۆک کۆمـاری عێـراق سـەردانی کوردسـتانی کـرد و لـە نزیـک دەشـتی دیانـان لەگـەڵ بارزانـی کۆبوویـەوە (بارزانـی، بەرگـی سـێیەم، بەشـی یەکـەم، ٢٣١) دوای چەنـدان کۆبوونـەوەی نێـوان هـەر دووک لا لـە (٢٩ی حوزێرانـی ١٩٦٦)[١٥] لەسـەر چەنـد خاڵێـک ڕێککەوتـن، لـە بەیاننامەیەکـی حوکومەتـدا بڵاوکرایـەوە، کـە چەنـدان مـاددەی گرنگـی بـۆ کـورد و حوکوومەتـی عێراقـی لـە خـۆ گرتبـوو، بەتایبـەت هاوبەشـیکردنی کـورد لـە عێـراق (عمـر، ٢٠٠٥: ٢٣٦- ٢٣٧) ئـەم بەیاننامەیـە حوکوومەتـی سـووریا نیگەرانکـرد، بەجـۆرێ پرۆژەکەیـان

بە سازش و گەلەکۆمەکی و جیابوونەوە هەژمار کرد (ئەلعامری، ٢٠٢١: ٢٢٧) ئەمە لە کاتێکدا شاندێکی حکوومەتی عێراقی لە (٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦) سەردانی سووریای کرد، شاندەکە بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب عەبدولمەجید بوو، لەوێ چاوایان بە سەرۆک کۆمار و سەرۆکوەزیران و ژمارەیەک بەرپرسانی دیکە کەوت، هەرچەندە بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر مەلەفی نەوت بوو، بەڵام ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکان و پرۆسەی پاراستنی سنورەکان و کۆمەڵێک بابەتی دیکە گفتوگۆی لە بارەوە کراوە، بەڵام نەگەیشتوون بە ئەنجام (محمد، ٢٠٠٥: ١٨٧- ١٨٨ ؛ عبدالمحسن، ٢٠١٢: ١٨٠)، لە ئەنجامی ئەمەدا پێوەندییەکانی نێوان عێراق و سووریا بەرەو ناخۆشی چوو، بەتایبەت سووریا لە (کانوونی یەکەمی ١٩٦٦ تاوەکوو ئازاری ١٩٦٧) هەناردەکردنی نەوتی عێراقی ڕاگرت ئەمەش زیانی ئابووری زۆری بە عێراق گەیاند، چونکە سووریا دەیویست هەم فشار لەسەر عێراق دروست بکات و هەمیش لە گواستنەوەی نەوت زیاتری دەستکەوێت (د. ک. و، العدد ١١٢، ٧/ ٧/ ١٩٨٣: ٤٩).

پرۆسەی بڵاوبوونەوەی دیموکراسیەت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتدا، لە بەدی هێنانی مافەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی، کە لەلایەن جەماوەری کوردەوە لە عێراق و سووریا و دەرەوە پشتیوانی زۆری لێکراوە، هاوکات تێکدانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد لە سووریا و عێراق کاریگەری لەسەر ڕای گشتی کورد لە هەموو شوێنێک دروست کردووە، بە جۆرێ ڕێکخراوی قوتابیان لە هەندەرانی بە ئاگا هێناوەتەوە، بەتایبەت لەسەر ڕەوشی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە بەیاننامەیەکیان بۆ حکوومەتی سووریا و عێراق داوا دەکەن مافەکانی کورد جێبەجێ بکەن، هەر بۆیە داوا لە حکوومەتی عێراقی دەکەن ڕێککەوتنی (٢٩ی حوزێرانی ١٩٦٦) وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، داوا لە حکوومەتی سووریاش دەکەن پرۆژەی کەمەربەندی عەرەبی هەڵوەشێنێتەوە و گیراوە سیاسییەکان ئازاد بکرێن، بۆ ئەوەی ژیانی کورد ئاسایی ببێتەوە (عارف، ٢٠١٢: ٧٣ ؛ جەلیل، ٢٠١٣: ٣٦٧) دەربارەی بەیاننامەکەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ساڵی (١٩٦٧) لە بارەی بارودۆخی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان کە تێدا هاتبوو «لەکاتێکدا خۆشحاڵ بووین بەو گۆڕانکاریانەی، کە لە سیاسەتی حزبی بەعسی دەسەڵاتداری سووریادا هاتووە، بەرانبەر بە بارودۆخی سیاسی ئەو وڵاتە بەگشتی و کێشەی کورد بە تایبەتی، بەڵام بە داخەوە ئەوەی ئێمە چاوەڕوان بووین وا دەرنەچوو، بەڵکوو کاتێک حکوومەتی عێراقی بە پێی بەیاننامەی (٢٩ی حوزێرانی ١٩٦٦) دانی نا بە هەندێ لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستاندا، حکوومەتی سووریا دژایەتی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئەو هەنگاوە و بە سازش و جیابوونەوەی ئەژمارد، هەروەها سەدان هاووڵاتی کورد زیندانی کران و هەزارانیش بێبەشکران لە مافی ناسنامەی هاووڵاتیبوون، سەرەڕای ڕاگواستنی جوتیارانی کورد و دوورخستنەوەیان لە زێدی باب و باپیرانیان و نیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەب لە دێهاتەکانیان» (عارف، ٢٠١٢: ١٤١- ١٤٢).

پێوەندییەکانی نێوان عێراق و سووریا لە ساڵی (١٩٦٧) وەک خۆی بە خراپی مایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دانیشتن و گفتوگۆی بەردەوام لە نێوانیاندا هەبووە، بۆ ئەم مەبەستە لە (١٧ی شوباتی ١٩٦٧) شاندێکی عێراقی بە سەرۆکایەتیی سەرۆکوەزیران سەردانی سووریای کرد و لەگەڵ بەشێک لە بەرپرسانی سووریا کۆ بوونەتەوە و چەندان پرسی جۆراوجۆر لە نێوانیان تاوتوێی کراوە (عبدالمحسن، ٢٠١٢: ١٨٥) هاوکات هەر بۆ درێژەدان بە گفتوگۆ و دانیشتنەکان لە (١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٧) شاندێکی عێراقی بە سەرۆکایەتی لیوا ڕوکن شاکر محمود سەردانی نورەدین ئەتاسی کە دوو پۆستی هەبوو هەم سەرۆک کۆمار و هەمیش سەرۆکوەزیرانی سووریای کرد، چەندان بابەتی جۆراوجۆری ئەمنی و سەربازی و پاراستنی سنوری نێوانیان گفتوگۆی لە بارەوە کراوە. (عبدالمحسن، ٢٠١٢: ١٩٥).

پێوەندیی نێوان عێراق و سووریا بە دوورخستنەوەی حزبی بەعسی عێراقی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت

و حکومڕانــی زیاتــر بــەرەو خراپــی بــرد، لــەم ماوەیــەدا بەعسـییەکانی عێـراق شـانە نەهێنییەکانـی خۆیـان ڕێـک خسـتەوە، سـەرئەنجام لـە (١٧ی تەممـوزی ١٩٦٨) کودەتایـان ئەنجـام دا و بـە سـەرکەوتوویی توانیـان بـۆ جـاری دووەم بگەڕێنـەوە سـەر دەسـەڵات، بۆیـە مـاوەی حکومڕانیـی حزبـی بەعـس لـە عێـراق لـە نێـوان (١٧ی تەممـوزی ١٩٦٨- ٩ی نیسـانی ٢٠٠٣) بـە خۆیـەوە بینـی، ئەمـە لـە کاتێکـدا حزبـی بەعسـی سـووریا لـە دوای کودەتـای (١٩٦٣) تاوەکـوو ئێسـتا لـە حکومڕانـی بەردەوامـی هەیـە، دوای وەرگرتنـەوەی دەسـەڵات لەلایـەن حزبـی بەعسـی عێراقییـەوە سـەرەتا بـە شـێنەیی و لەسـەرەخۆ دەسـتییان بـە حکومڕانـی کـرد، هـاوکات ئەزموونی ڕابردوویـان لـە پێـش چـاو بـوو، بۆیـە هەوڵیانـدا هەڵەکانی ڕابـردوو جارێکـی دیکـە دووبـارە نەکەنـەوە و ئەزمونێکـی نوێـی بونیـات بنێنـەوە (درویـش، ٢٠٠٣: ٧٠ ؛ مەخمـووری، ٢٠٠٦: ٣٤) هـەر زوو دەسـتیان بەسـەر بەشـێکی زۆری دامەزراوەکانـی دەوڵـەت داگـرت، بۆیـە کەسایەتی دیـاری حزبـی بەعـس ئەحمـەد حەسـەن بەکـر (١٩١٤- ١٩٨٢) کرایـە سـەرۆک کۆمـار، هـاوکات بەشـی زۆری پۆستەکانی دیکـە لـە نێـوان ئەنـدام و لایەنگرانـی خۆیـان دابەشـکرد، هەروەهـا ئـەو کەسـانەی گومانیـان لەسـەر هەبـوو لـە حکومڕانـی دووریـان خسـتنەوە، ئەمـەش زۆری نەبـرد دوای (١٤) ڕۆژ لـە وەرگرتنـی دەسـەڵات لـە (٣٠ی تەممـوزی ١٩٦٨) بەعسـی عێراقـی کودەتاییەکـی سـوک و نەرمیـان بەسـەر نەیارانـی خۆیـان ئەنجـام دا و بـە تـەواوی دەسـەڵاتی سیاسـییان خسـتە ژێـر کۆنتڕۆڵـی خۆیـان (جەلیـل، ٢٠١٣: ٣٩٢)، بـە هاتنـەوەی بەعسـییەکان لـە عێـراق و سـووریادا پێوەندییەکانیـان گۆڕانـکاری بەسـەر هـات، ئەمـە لـە کاتێکـدا سـووریا و میسـر لـە بەرەیەکـی هاوبەشـدا دژایەتیـی خۆیـان بـۆ حوکوومەتـی عێـراق دەربـڕی، تەنانـەت بـە دوای ڕووخانـی حوکوومەتـی عێراقـەوە بـوون، بـۆ ئـەوەی بزاڤێکـی نوێـی لـە بەغـدا بێتەکایـەوە لـە خۆیانـەوە نزیـک بێـت، بەمـەش ئاسـۆی پێوەندییەکانـی سـووریا و عێـراق بـەرەو ناخۆشـی بـرد (قەرەداغـی، ٢٠١٧: ٣٣٣).

ناوەنـدە دەسـەڵاتدارەکانی عێـراق و سـووریا بـۆ چارەسـەرکردنی دۆزی کـورد هۆیەکـی سـەرەکی ئـەو هەژانـە سیاسـییانە بـوو کـە لـەو دوو وڵاتـە ڕوویـداوە، هـاوکات لەگـەڵ هـەر گۆڕانێکـی نوێـدا لەسـەر ئاسـتی دەسـەڵاتی سیاسـی لـەو وڵاتانـە دۆزی کـورد زیاتـر توندوتیـژی بەخـۆوە بینیـوە، جێگـەی باسـە ئـەو گروپـە سیاسـییانەی کـە لـە ئەنجامـی ئـەو زنجیـرە کودەتـا سـەربازی و گۆڕانکارییـە سیاسـییانەدا گەیشـتنە دەسـەڵات، لەگـەڵ هەمـوو ئـەو دروشـمانەی بەرزیـان دەکـردەوە ناهاوتابـوون لـە کاتـی جێبەجێکردنـی دەسـەڵاتەکانیان بەتایبـەت بەرانبـەر بـە دۆزی کـورد، دوای ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـە عێـراق هاتـە ئـاراوە کـورد چـاوەڕی هەنگاوێکـی باشـی دەکـرد (لازەرێـف، ٢٠٠٠: ٦٦)، لەگـەڵ هاتنـەوەی بەعسییەکان بـۆ سـەر دەسـەڵات پێبەندبوونـی خۆیـان بـە قۆناغـی ئاشـتی بەرانبـەر بـە کـورد دووپـات کـردەوە، تەنانـەت لـە (٢٠ی تەممـوزی ١٩٦٨) نامەیەکـی ئاڕاسـتەی سـەرکردایەتیی سیاسـی کـورد کـردووە بـۆ ئـەوەی پشـتگیری لـە حوکوومەتـی نـوێ بکـەن، لـە بەرانبـەردا ئامـادەن داواکارییەکانـی کـورد جێبەجـێ بکـەن، بـەڵام نیـازی حوکوومەتـی عێراقـی بـە باشـی نەبیـنراوە، بەڵکـوو جارێکـی دیکـە لـە (١٢ی ئەیلوولـی ١٩٦٨) دەسـتوری نوێـی عێـراق بـە هیـچ شـێوەیەک نـاوی کـورد و مافەکانـی بـاس نەکـردووە، ئەمـەش کێشـەکانی نێـوان کـورد و حوکوومەتـی نـوێ عێراقـی زیاتـر قووڵـتر کردووەتـەوە، بەهـۆی ئەمـەوە دۆزی کـورد بوّتـە بەربەسـتێکی سـەخت بـۆ داهاتوویـان (جەلیـل، ٢٠١٣: ٣٩٣)، سـەبارەت بـە ڕەوش و بارودۆخـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لقـی بەرلینـی ئەوروپـا (٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٦٨) نامەیەکی ئاڕاسـتەی نورەدیـن الاتاسـی سـەرۆکوەزیرانی سـووریا کـردووە، لـە نامەکەیانـدا ڕەوش و بارودۆخـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە مـاوەی ڕابـردوو لەلایـەن حوکوومەتـی سـووریا خسـتووەتە ڕوو، داوای لـە سـەرۆکوەزیران کـردووە ئـەو پێشـەڵکارییە بەرانبـەر بـە دۆزی کـورد هـەر لـە گرتـن و دوورخسـتنەوە و بێبەشـکردنی کـورد لـە مافـە سـەرەتاییەکانی لـەو

وڵاتــە دەکرێــت ڕاگیرێــت، چونکــە دواجــار کاریگــەری بــۆ ســەر حوکوومــەت دەبێــت، هەروەهــا چارەســەرێکی ڕیشــەیی بــۆ پرســی کــورد بکرێــت، ئەمــە لــە کاتێکــدا بارودۆخــی کــورد بــەرەو خراپــی دەچــوو (مذکـرة جمعيـة الطلبـة...، ٢٢/ ١١/ ١٩٦٨ وەرگیــراوە لــە: جعفــر، ٢٠١٩: ٢٦٤- ٢٦٥)، ئــەم فۆڕمــە نوێیــەی دەســەڵاتدارانی عێراقــی و ســووری کەشــێکی خراپــی لــە پێوەندیــی نێــوان کــورد و حوکوومــەت دروســت کــرد، چونکــە لــە ســەرەتای ســاڵی (١٩٦٩) حوکوومەتــی عێراقــی جارێکــی دیکــە قۆناغــی ئاشــتی کۆتایــی هێنــا و دەســتی بــە هێرشــەکان بــۆ ســەر باشــووری کوردســتان کــردەوە، لــە هەمانکاتــدا لــە ســووریا سیاســەتی چەوســاندنەوەی کــورد هەمــوو ســنورێکی گرتبــووە، بەجــۆرێ هەمــوو جــۆرە کۆبوونەوەیەکــی تایبــەت بــە کــورد یاســاغ کــراوە، هــەر کەســێکیش چالاکــی سیاســی ئەنجــام بــدات زیندانــی دەکــران، هەروەهــا قســەکردن بــە زمانــی کــوردی لــە قوتابخانــەکان یاســاغ کــران، لەگــەڵ ســەپاندنی چاودێرییەکــی توندوتیــژی لەســەر سنوورەکانی نێــوان ســووریا و عێراقــدا، هەروەهــا ســووریا هەمــوو ڕێوشــوێنێکی گرتووتەبــەر بــۆ نەگەیشــتنی ئــەو ڕووداوانــەی لــە باشــووری کوردســتان ڕوودەدەن، چونکــە ســووریا ترســی گواســتنەوەی شۆڕشــی لــە باشــوورەوە بــۆ ڕۆژئاوایــی کوردســتانی هەبــوو (لازاريــف،٢٠١٢: ٥٥١ ؛ مونتغمــري، ٢٠٢٠: ٤٤- ٤٥)، حزبــی بەعســی عێــراق ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ مــەودای کارکردنــی ئــازادی و مافــی مــرۆڤ بەرتەســک کــردەوە، ئــەم فۆڕمــە هاوتەریــب بــوو لەگــەڵ سیاســەتەکانی حوکوومەتــی ســووریا، بــۆ ئــەم مەبەســتە هــەر دووک وڵات سیاســەتی پشــتێنی بــە عەرەبکردنــی ناوچەکانــی کــوردی، بەتایبەتــی ئــەو ناوچانــەی لــە ڕووی ئابــووری و کشــتوکاڵی و نەوتــەوە دەوڵەمەنــد بــوون دەســتپێکردووە، ئامانجــی ســەرەکییان کەمکردنــەوەی ڕێــژەی کــورد و دەستبەســەرداگرتنی خێــر و بێرەکــەی بــووە، ئەمــەش کاریگــەری خراپــی لەســەر ژیــان و گوزەرانــی ناوچەکانــی کــوردی دروســت کــردووە، هــاوکات هێرشــەکانی حوکوومەتــی عێراقــی بــۆ ســەر باشــووری کوردســتان تاوەکــوو کۆتایــی ســاڵی (١٩٦٩) بــەردەوام بــووە (شــۆڕش، ٢٠٠٢: ٤١ ؛ مەخمــووری، ٢٠٠٦: ٣٤). دۆزی کــورد بەهــۆی نادیــاری پێوەندیەکانــی عێــراق و ســووریا وەکــوو خــۆی ماوەتــەوە و هیــچ بــەرەو پێشــچوونێک لــە پێوەندییــەکان بــەدی نەکــرا، بەڵکــوو بــە پێچەوانــەوە دۆزی کــورد پێوەندیــی نێــوان ســووریا و عێراقــی بــە تــەواوی ئاڵــۆز کــردووە، چەنــدان بەرنامــە و پرۆژەییــان دژی کورد هەبــوو، هەمــووی لــێ هەڵوەشــاندوونەتەوە، ئەمــە لــە کاتێکــدا کــورد هیــچ کارتێکــی فشــاری بەرانبەریــان نەبــووە.

## ئەنجام

لــە ئاکامــی ئــەم توێژینەوەیــەدا بــە چەنــد ئەنجامێــک گەیشــتین لەوانــە:

مــاوەی توێژینــەوە، بــە ماوەیەکــی گرنــگ و پــڕ ڕووداوی مێژوویی و سیاسی لــە عێــراق و ســووریا دادەنرێــت، بەتایبــەت دوای هاتنــی حزبــی بەعــس بــۆ ســەر دەســەڵات چەنــدان گۆڕانــکاری سیاســی، ئایدلۆژیــی، کۆمەڵایەتی...هتــد لــە هــەر دووک وڵات ڕوویانــداوە، هــاوکات لەگــەڵ هــەر گۆڕانکارییــەک لــەم دوو وڵاتــە کاریگــەری ڕاستەوخۆشــی لەســەر پێوەنــدی هەرێمــی و نێودەوڵەتیــەکان هەبــووە، دواتر ڕەنگدانەوەشــی بــۆ ســەر دۆزی کــورد دروســت کــردووە. کــە لــە هەندێــک کاتــدا بەهــۆی دۆزی کــوردەوە پێوەندییەکانیــان لــە یــەک نزیکبووتــەوە، بــەڵام لــە هەندێــک کاتــی دیکــە بەهــۆی دۆزی کــوردەوە ئاستی پێوەندییەکانیــان بــەرەو خراپــی و ناخۆشــی چــووە، بۆیــە دۆزی کــورد بــە هۆکارێکــی ســتراتیژی باشــبوون و تێکچوونــی پێوەندییەکانیــان دادەنرێــت.

شۆڕشــی ئەیلــوول کاریگەریــی زۆری لەســەر پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان دروســت کــردووە، لــە هەمانکاتیشــدا کاریگــەری لەســەر وڵاتانــی هەرێمــی و نێودەوڵەتــی دروســت کــردووە، لــە ئەنجامــی ئەمــەدا پــرۆژەی ســەنتۆ هەوڵێکــی هەرێمــی و نێودەوڵەتــی دژ بــە کــورد دادەنرێــت، چونکــە ترســی وڵاتــان لــە گواســتنەوەی شــۆڕش بــۆ پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان بــوو، وڵاتانــی هەرێمــی و نێودەوڵەتــی لــە نێــو خۆیانــدا کوردیــان وەکــوو کارتێکــی فشــار بەرانبــەر بــە یەکــتری بەکارهێنــاوە، ئەمــە لــە کاتێکــدا کــورد هەرگیــز

کارتێکــی فشــاری بەهێــز و لاوازی بەرانبــەر بــە وڵاتانــی هەرێمــی و نێودەوڵەتــی نەبــووە، بۆیــە هەمیشــە کوردیــان بــۆ ڕاســتکردنەوەی پارســەنگی خۆیــان لــە ناوچەکــە بــەکار هێنــاوە.

گەشەســەندن و بڵاوبوونــەوەی بیــری ناســیۆنالیزمی عەرەبــی کاریگەریــی زۆری لەســەر دۆزی کــورد دروســت کــردووە، بەتایبــەت لــەم ماوەیــەدا پــڕۆژەی سێقۆڵی نێــوان (عێــراق، ســووریا، میــسر) کاریگەریــی زۆری لەســەر دۆزی کــورد هەبــووە، چونکــە پڕۆژەکــە لــە بنەڕەتــدا دژی کــورد و دۆزەکــەی بــووە، بۆیــە جیــاوازی جۆراوجــۆری لــە نێــوان هــەر ســێ وڵات دەبیــنرا، بــە جــۆرێ ســووریا سیاســەتی نیمچــە کــراوەی پێــڕەو کــردووە، بــە جۆرێــک نــە بــە تــەواوی دەرگای بــە ڕووی کــورد کردووەتــەوە، نــە بەتەواویــش دایخســتووە، بــەڵام عێراق سیاســەتێکی ئاشــکرا و دیــاری بەرانبــەر بــە کــورد ئەنجــام داوە، لەگــەڵ ئەمەشــدا میــسر لەگــەڵ چارەســەرکردنی دۆزی کــورد بــووە.

پەراوێز

(١) ئــەم پەیماننامەیــە لەلایــەن بلوکــی ڕۆژئــاوا بــە ســەکردایەتی ئەمریــکا و هاوپەیمانەکانــی (عێــراق، تورکیــا، ئێــران، پاکســتان، بەریتانیــا) لــە ســاڵی (١٩٥٥) لــە بەغــدا دامــەزرا، هەرچەنــدە ئامانجــی دروســتکردنی بەرەیەکــی کاریگــەر بەرانبــەر بــە یەکێتیــی ســۆڤیەت دادەنرێــت، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا لــە هەندێــک بــاردا دژی کــورد و شۆڕشــەکەی بەکارهێــنراوە، پەیمانــی بەغــدا هــەر لێدان لــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کــورد نەبــوو، بەڵکــوو لێدانبــوو لــە بزاڤــی کۆمۆنیســتی لــە ناوچەکــە، دوای شۆڕشــی (١٤ی تەممــوزی ١٩٥٨) هەڵوێســتەکانی حوکوومەتــی عێــراق گۆڕانــکاری بەســەر داهــات، بــۆ ئــەم مەبەســتە لــە (٢٤ی ئــاداری ١٩٥٩) بەشــێوەیەکی فەرمــی عێــراق ئەنــدام بوونــی خــۆی لــەم ڕێککەوتننامەیــە هەڵپســارد، نــاوی پەیمانــی بەغــداش بــۆ ســەنتۆ گــۆڕا (نەبــەز، ٢٠٠٧: ٩٨ ؛ ناوخــۆش، ٢٠١٩: ٨٤) لــە هەمووشــی گرنگــتر کشــانەوەی عێراق لــە پەیمانی بەغدا بــە هەنگاوێکــی گرنگی مێژوویــی بــۆ کــورد هەژمــار کــرا، چونکــە ئــەم پەیمانــە لــە بنەڕەتــدا دژی نەتــەوەی کــورد هاتبووکایــەوە، بویــە بــووە مایــەی دلخۆشــی کــورد و ســەرکردایەتیەکەی، هــەر زوو ســەرۆکی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بروســکەیەکی ئاڕاســتەی ســەرۆکوەزیرانی عێراقــی کــرد و دڵخۆشــی خــۆی بــە مەبەســتی کشــانەوەی عێــراق لــە پەیمانــی بەغــدا دەربــڕی (خەبــات، العــدد ١، ٤نیســان١٩٥٩).

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئۆپراسیۆنی دیجلە بروانە: محمد، ٢٠٠١).

(٣) بــۆ زانیــاری زیاتــر لەســەر بارودۆخــی عێــراق لــە ســەردەمی عەبدولســەلام عــارف بڕوانــە: علــوان، ٢٠٠٥: ٢٢ بــە دواوە).

(٤) بــۆ زانیــاری زیاتــر لەســەر دەقــی بەڵگەنامەکــە بڕوانــە: حەســەن، ٢٠١٦: ٢٣٦).

(٥) ســەلاح بەدرەدیــن لــە (١١ی ئــاداری ١٩٤٥) لــە گونــدی نعمتلــی ســەر بــە قامیشــلۆ لــە دایکبــووە، هــەر لــە منداڵیــەوە پێوەنــدی بــە ڕێکخســتنەکانی پارتــی دیموکراتــی کورد لــە ســووریا کردووە، هەروەهــا یەکێــک لــە دامەزرێنەرەکانــی پارتــی دیموکراتــی چەپــی کــورد لــە ســووریا بــووە، ناوبــراو لــە ســاڵی (١٩٦٩) دەبێتــە ســکرتێری پارتــی دیموکراتــی کوردی چــەپ لــە سووریا، دوای گۆڕینــی نــاوی ئــەو پارتــە بۆ پارتــی گەلــی کــورد دەبێتــە ئەمینــداری گشــتی، هــاوکات لــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی (١٩٧٥- ١٩٧٨) لــە لوبنــان بنکــەی ڕۆشــنبیری کاوە دادەمەزرێنێــت، ڕۆڵێکــی گرنگــی لــە ڕووداو و پێشــهاتە سیاســییەکانی ڕۆژئــاوای کوردســتان هەبــووە، لــە ســاڵی (٢٠٠٣) دەســت لــەکاری سیاســی بــەردەدا، خاوەنــی چەنــدان پەرتــوک و بڵاوکــراوەی تایبــەت بــە ســووریایە (چاوپێکەوتــن لــە ڕێــگای زوومــەوە لەگــەڵ ســەلاح

بەدرەدین، ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢).

(٦) کاوە عەزیز لە ساڵی (١٩٥٨) لە سووریا لە دایکبووە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٨٠) بۆ درێژەدان بە خوێندن چووتە بولغاریا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ساڵی (١٩٨٦) بە دەستهێناوە، دواتر بڕوانامەی ماستەریشی تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٩١) بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان بە دەستهێناوە، هەر لە بولغاریا بەرپرسی ڕێکخستنی پارتی گەڵ بووە، لە دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠٠٤) پارتی گەڵ و چەپ یەک دەگرنەوە بوونە پارتی ئازادی، ناوبراو دەبێتە ئەندامی لێژنەی مەرکزی پارتی ئازادی، لە ساڵی (٢٠٠٥) ڕوو دەکاتە باشووری کوردستان دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، لە هەمانکاتدا نوێنەری پارتی ئازادی لە هەرێمی کوردستان بووە، هەروەها یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد (ئەنەکەسە)، لە ساڵی (٢٠١٤) پارتی ئازادی و یەکێتی یەکیان گرتەوە و پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریایان دامەزراند، ناوبراو دەبێتە ئەندامی لێژنەی مەرکزی ئەو پارتە، لە ئێستادا نوێنەری پارتی و بەرپرسی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد (ئەنەکەسە) لە هەرێمی کوردستان (چاوپێکەوتن لەگەڵ کاوە عەزیز، ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، هەولێر).

(٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێوەندییەکانی میسر و کورد، بڕوانە: (نصرالدین، ٢٠١٥ ؛ پێوەندییەکانی کوردستان و میسر لە مێژوودا، گۆڤاری نوێکار، ژمارە (٢)، پایزی ٢٠٠٠: ١١).

(٨) یەکێتیی سۆڤیەت جگە لە نارەزایی گەیاند بە وڵاتان، لە هەمانکاتدا سکاڵانامەی خۆی گەیاندە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەم مەبەستە لە (٩ی تەمموزی ١٩٦٣) نیکۆلای فدرینکۆ نوێنەری هەمیشەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئاسایش زوڵم و زۆری سەرکوتکاری دەوڵەتی عێراقی بەرانبەر بە ڕووداوەکانی کوردستانی خستووتەڕوو، ڕایگەیاند بۆ ڕێگرتن لە دەستکاری دەرەکی پێویستی بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن هەیە، تەنانەت هەڕەشەی ئەگەری یەک لایەنەی بۆ سەر ناوچەکە دەربڕیوە (کۆچێرا، ٢٠١١: ٣١٦ ؛ حصاف، ٢٠٢٢: ٧٥ ؛ حصاف، الجزء الثالث، ٢٠١٧: ١٥٦- ١٥٧) ئەم داوایەی سۆڤیەت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕێگەی کۆماری میللی مەنگۆلیا بە شێوەیەکی فەرمی پێشکەشکراوە، بۆ ئەوەی پرسی کورد لە کۆبوونەوەی داهاتووی ژمارە (١٨) بخرێتە ناو خشتەی کارەکان و تۆمار بکرێت، ئەگەرچی ئەم هەوڵە نێودەوڵەتیە کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی حوکومەتی عێراق دروستنەکردووە، بەڵام دەکرێت بۆ کورد بە هەوڵێکی گرنگ هەژمار بکرێت، چونکە بەهۆی ئەمەوە دۆزی کورد بەرەو ئاراستەی بە جیهانی بوون چوو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆتە باسوخواسی ئەوان (زانکۆی دهۆک، Miss Linda Duncan.., October ٤, ١٩٦٣؛ بادی، ٢٠٠٨: ٢٤٩ ؛ لازاریف، ٢٠١٢: ٤٧٣ ؛ شەریف، ٢٠٢١: ٧٢- ٧٣) سەرەڕای گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە دەستکاری لە کاروباری ناوخۆیی عێراق هەم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەڵام داواکارییەکەی سۆڤیەت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکان کشاندیەوە، هەرچەندە هۆکاری پاشەکزبوونەوەی سۆڤیەت لە داواکەی نازانرێت، بەڵام بەشێکی پێوەندی بە هەڵومەرجی نێودەوڵەتیەوە هەبووە، بەشێکی دیکەش پێوەندی بە کشانەوەی سوپای سووریا لە بەرەکانی شەڕەوە هەبوو، لە هەمووشی گرنگتر دەسەڵاتدارانی هەرێمی بە مەترسیەکی ڕاستەقینە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکەیان زانیوە، مەترسی ئەوەیان هەبوو دۆزی کوردی عێراق بۆ دەرەوە بچێت و شێوازێکی نێودەوڵەتی وەرگرێت (کۆچێرا، ٢٠١١: ٣١٦ ؛ بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم: ٢٠٧)

(٩) جەلال تالەبانی بە نوێنەرایەتی شاندی کوردی نووسراوێکی پێشکەش بە ئەندامەکانی عێراق لە کۆنگرەی قاهیرەدا کرد، کە لە چەند خاڵێک پێکهاتبوون؛ یەکەم: کورد داوای بوونی نوێنەری خۆی دەکات لەو کۆنگرەیەدا، دووەم: کورد نابێتە بەربەست لە بەردەم یەکێتی عەرەبیدا، سێیەم: ئەگەر عێراق بە تەواوی سەربەخۆ بوو، گەلی کورد تەنیا داوای ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەیەتیەکانی خۆی دەکات، لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات، هەروەکوو لەسەری ڕێککەوتوون، چوار: ئەگەر عێراق چووە ناو ئەو یەکیەتیە فیدراڵیەوە، پێویستە حوکمزاتی بە نەتەوەی کورد بدرێ و بەرفراوانتر بە پێی مانای کلاسیکی بۆ ئەو زاراوەیە، پێنجەم، ئەگەر هاتوو عێراق تێکەڵاوکرا لە یەکیەتیەکی تەواودا لەگەڵ دەوڵەتێک یان زیاتر لە دەوڵەتە عەرەبیەکاندا ئەوا میللەتی کوردیش هەرێمێک لەو دەوڵەتەدا دادەمەزرێنی بە ڕێبازێک کە بوونی خۆی بە تەواوی تێدا مسۆگەر دەکات (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەیانی شاندی کورد بڕوانە: بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ٢١٨- ٢١٩ ؛ عیسا، ب١، ٢٠١٤: ٤٦٣).

(١٠) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر نامەکە بڕوانە: مستەفا، ٢٠٠٧: ١٨١).

(١١) مەحموود عوسمان لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدایە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٥٤) پێوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لە ناو ئەو پارتەدا چەندان پۆستی جۆراوجۆری وەرگرتووە، هاوکات دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٦٢) وەک یەکەم پزیشک پێوەندی بە شۆڕش دەکات و لەو ماوەیەدا خزمەتێکی زۆری

ئەنجام داوە، هەروەها لە کۆنگرەیی پارتیدا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە و سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان بووە، هەروەها سەرۆکایەتی لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی شۆڕشی کوردی کردووە، لە چەندان دانوستان و گفتوگۆی وەکوو ئەندام یان سەرۆکی شاند لەگەڵ حوکوومەتی عێراقی دانیشتووە، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان، دوای ڕووخانی سەدام حوسێن وەک ئەندامی ئەنجومەنی دەسەڵات هەڵبژێردراوە، هەروەها بۆ دوو خوڵ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحموود عوسمان، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، هەولێر).

[١٢] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خاڵەکانی بڕوانە: جريدة الفجر الجديد، العدد ٦٢٩، ١١ی فبراير ١٩٦٤).

[١٣] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لێکترازانی باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٦٤) بڕوانە :ادامسن، ٢٠١٢).

[١٤] پارتی دیموکراتی کوردستان دابەشی سەر دوو باڵی جیاواز بوون ئەویش چەپڕەو و ڕاستڕەو، بۆ لێکترازان و ناکۆکیەکانی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بڕوانە: حصاف، الصراع...، ٢٠١٤: ٢٥٣ بە دواوە ؛ محمد، ٢٠١٥: ١٦٦ بە دواوە ؛ شەمدین، ٢٠١٨: ٧٧ بە دواوە).

[١٥] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خاڵەکان و دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: شۆڕشی کوردستانی عێراق، ١٩٧٠: ٥٠- ٥١).

## لیستی سەرچاوە


یەکەم: بەڵگەنامەکان

أ: بەڵگەنامە بڵاو نەکراوەکان.

بە زمانی عەرەبی:

دار الكتب و الوثائق الوطنية، وكالة الانباء العراقية، قسم المعلومات، العراق، العدد (٣٩٤)، العراق، ٣/ ٨/ ١٩٧٥.

دار الكتب و الوثائق الوطنية، وزارة الخارجية، سووريا: من ١٩٤٦ الى ١٩٧٩، العدد (١١٢)، ٧/ ٧/ ١٩٨٣.

زانکۆیا دهۆک، سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، پشکا دەستنڤیس و بەڵگەنامان، ٥٠/ ١٩١، رسالة الملا مصطفى البرزاني الى السيد طاهر يحيى، ١٢/ ٣/ ١٩٦٥.

بە زمانی ئینگلیزی:

Miss Linda Duncan, Saadat Hasan Chief of press and public Liaison, Washington ٢. D. C, October ٤, ١٩٦٣.

ب: بەڵگەنامەی بڵاوکراوەکان

بە زمانی کوردی:

مستەفا بارزانی، ویڵسن سەرۆکوەزیرانی شانشینی یەکگرتوو، لە ڕێی بەرێز باڵیوزی شانشینی یەکگرتوو لە تاران، ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦.

لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگ و باسی شۆڕشی کوردستان، ١٣ی تەمموزی ١٩٦٣.

بە زمانی عەرەبی:

مذكرة جمعية الطلبة الاكراد في اوربا، الى فخامة رئيس الجمهورية العربية السوورية الدكتور نورالدين الاتاسى المحترم، برلين، ٢٢/ ١١/ ١٩٦٨.

دووەم: بڵاوکراوە پارتەکان:

پارتی دیموکراتی کوردستان مەکتەبی سیاسی، شۆڕشی کوردستانی عێراق ١٩٦١، ١٧ / ٣/ ١٩٧٠.

پارتی دیموکراتی کوردستان- مەکتەبی سیاسی، هەڵوێستی حزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦- ١٩٧٠، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە، ئاب ١٩٩٧.

سێیەم چاوپێکەوتن:

چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحموود عوسمان، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، هەولێر

چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار، ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢، سلێمانی

چاوپێکەوتن لە ڕێگای زوومەوە لەگەڵ سەلاح بەدرەدین، ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢

چاوپێکەوتن لەگەڵ کاوە عەزیز، ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، هەولێر.
چوارەم: کتێبی بەڵگەنامەیی:
حەسەن، ڕەزوان، (٢٠١٦)، ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٦٥ی مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا، چاپخانەی شڤان.
شەریف، عەلی، (٢٠٢١)، جووڵانەوەی نەتەوەیی باشوری کوردستان ١٩٦١- ١٩٨٢ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، وەرگێرانی بۆ کوردی: پاسار شێرکۆ، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆک.
هێرش، شاژین، (٢٠٠٣)، بەڵگەنامە- پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق لە چەندان بەڵگەنامەی مێژوویید ١٩٥٨- ١٩٦٣، بەرگی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی ژێر.
پێنجەم: بیرەوەری
أ: بە زمانی کوردی:
جەلال، مام، (٢٠١٩)، دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادەکردنی: سەلاح ڕەشید، بەشی یەکەم، چاپی چوارەم، لە بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
ئەحمەد، نەوزاد عەلی، (٢٠١٨)، پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هومەر شێخمووس، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
ب: بە زمانی عەرەبی:
جزاع، محمد، (بدون السنة)، المناضل حمزة نويران (صفحات من الذكرة)، مطبعة كمال.
هڤيركى، جميل حاجو، (٢٠١٢)، مذكرات جميل حاجو هڤيركى، مطبعة جامعة دهوك، دهوك.
شەشەم: کتێبەکان
أ: بە زمانی کوردی:
بارزانی، مەسعود، (بێ ساڵ)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
بارزانی، مەسعود، (بێ ساڵ)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٥٧- ١٩٦١، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
بلۆ، جویس، (٢٠٠٤)، دۆزی کورد، وەرگێرانی بۆ کوردی: کارزان محەمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی.
بەرزنجی، یوسف محەمەد، (٢٠١٩)، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی سیاسی، تیۆری، مێژوویی دا (١٩٧٩- ١٩٨٥)، کتێبی دووەم، چاپخانەی حەمدی.
جەلیل، جەلیلی ئەوانی دیکە، (٢٠١٣)، شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، وەرگێرانی بۆ کوردی: بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
چەند وێستگەیەک لە مێژووی کورد، (٢٠٢١)، وەرگێرانی لە عەرەبیەوە، حەمە سالح فەرهادی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
دوئرتی، تری، (٢٠١٢)، سووریا، وەرگێرانی: حسەین نەجمەدین، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
ساڵح، ئازاد عوبێد، (٢٠٠٧)، کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانیی کوردی لە باشووری کوردستاندا ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
سەعید، هیوا عەزیز، (٢٠٢٢)، مێژووی بەعسیزم لە عێراق ١٩٦٣- ١٩٨٠، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
سەنگاوی، نەجم، (٢٠١٤)، کوردستان و سەرکردە و ڕاپەرین و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩- ١٩٩٥)، بێ چاپخانە و شوێن.
سەنگاوی، نەجم، (ساڵی چاپ)، خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، چاپخانەی پێوەند، بێ شوێن.
شریف، هاوکار حمە، (٢٠١٢)، شۆڕشی ئەیلوول، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
شۆڕش، سامی، (٢٠٠٢)، عێراق و دەوروبەری کورد لەو چەقەدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
شێخمووس، عومەر، (٢٠١٩)، کوردایەتی و ئایندەخوازی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
شەمدین، علی، (٢٠١٨)، بزاڤی کورد لە سووریا و دیاردەی ئینشقاق (١٩١٦- ٢٠١٦)، وەرگێرانی: شاناز ڕەمزی هیرانی، ئاوات عەلی، چاپخانەی حەمدی، سلیمانی.
حاجی، شۆڕش، (٢٠١٨)، ناسیۆنالیزمی کوردیی پەرچەکردار، ناسیۆنالیزمی کوردی و حزبی بەعس، ڕووداوەکانی ١٩٦٣- ٢٠٠٣، چاپخانەی تاران، ئێران.
عارف، عارف ڕوشدی، (٢٠١٢)، کۆمەڵەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ١٩٥٦- ١٩٧٥، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
عیسا، حامید مەحمود، (٢٠١٤)، کێشەی کورد لە عێراق، وەرگێرانی: سوارە قەڵادزەیی، بەرکی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
عیسی، صالح ملا عمر، (٢٠٠٨)، قەیرانی خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، وەرگێرانی: سلێمان تاشان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی، هەولێر.
عەونی، دوریە، (٢٠١١)، عەرەب و کورد ناکۆکی یان تەبایی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: سوارە قەڵادزیی، چاپخانەی شڤان، بێ شوێنی چاپ.
فلیپس، دەیڤید، (٢٠١٦)، بەهاری کوردی نەخشەیەکی نوێی ڕۆژهەلاتی

ناوەڕاست، وەرگێرانی لە ئینگلیزی: سیروان حسێن بیەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
قەرەداغی، محەمەد مستەفا، (٢٠١٧)، کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بریتانیادا ١٩٦٦- ١٩٧٩، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
کۆچیرا، کریس، (٢٠٠٦)، ڕاپەرینی نەتەوەی کورد، وەرگێرانی: حامید ڕەشیدی زەرزا، چاپخانەی ئۆفیستی تیشک، سلێمانی.
کۆچیرا، کریس، (٢٠١١)، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێرانی لە فارسیەوە: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی شەشەم، هەولێر.
کەریم، هێرش عەبدوڵڵا حەمە، (٢٠١٣)، پێوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سووریا ١٩٩١-٢٠٠٣، چاپخانەی تاران، ئێران.
گۆران، نەبەز، (٢٠١٩)، بەعس و ئایدۆلۆژیا، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
لازاریف، م. س، (٢٠١٢)، مێژووی کوردستان، وەرگێرانی: وشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
مار، فیبی، (٢٠١٠)، مێژووی نوێی عێراق، وەرگێرانی: حەمە شەریف حەمە غەریب، شێرکۆ ئەحمەد حەویز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
محێدین، واحد عومەر، (٢٠٠٦)، دانوستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و حوکومەتەکانی عێراق (١٩٢١- ١٩٦٨)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی.
مستەفا، سۆزان کەریم، (٢٠٠٧)، نەعسیزم و کورد، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) سلێمانی.
مەخمووری، غەفوور، (٢٠٠٦)، بە عەرەبکردنی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
مەزهەر، کەمال، (٢٠١٤)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاج هاشم، هەولێر.
ناس، مایکڵ، فلاخ ئانیا، ئایبۆخا، ئەرجان، (٢٠١٩)، شۆڕشی ڕۆژئاوا خۆ بەڕێوەبردنی دیموکراتی و ڕزگاریی ژنانی ڕۆژئاوایی کوردستان، وەرگێرانی: ڕەفعەت موڕادی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
ناوخۆش، سەلام، (٢٠١٩)، شکستی حوکمڕانی کورد لە سەدەیەکدا ١٩١٩- ٢١٩، بێ شوێنی چاپ.
نەبەز، جەمال، (٢٠٠٧)، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، چاپخانەی منارە، هەولێر.
همایەر، هێکمان، م. شترۆ و ل. یالچین، (٢٠١١)، کورد لە سووریا و ئازەربایجان و ئەرمەنستان، وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە: ڕێبوار تۆفیق بەنگینە، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.
یوسفی، نەجمەدین، (٢٠٢١)، شۆرەشا ئەیلوولێ دیتن و بۆچوون، وەرگێرانی لە عەرەبی: مصلح حمزە، لە بڵاوکراوەکانی ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆک.
ئەحمەد، بژار عەسمان، (٢٠١٢)، بارودۆخی سیاسی کوردستانی سووریا لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٠- ١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
ئەرگوشی، محمود، (٢٠١٢)، نکۆڵیکردن لە بوونی کورد سەرکوتکردنی مافە سیاسی و کلتوریەکانی کورد لە سووریا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ئەلعامری، عەبدولخالق ناسر، (٢٠٢١)، بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق ١٩٣١- ١٩٧٥، وەرگێرانی: ئەرکان شارباژێڕی، لە بڵاوکراوەکانی ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆی دهۆک.
ب: بە زمانی عەرەبی:
احمد، محمد ملا، (٢٠٠١)، صفحات من تاريخ حركة التحرر الوطني الكردية في سووريا، مطبعة اوفسيت، هەولير.
ادامسن، ديفيد، (٢٠١٢)، الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤، ترجمة: جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل.
بادى، مێڤان عارف، (٢٠٠٨)، موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية (١٩٤٦- ١٩٧٠) دراسة تاريخية، مطبعة خاني، دهوك.
بارزاني، ايوب، (٢٠١١)، الحركة التحررية الكوردية وصراع القوى الاقليمية والدولية ١٩٥٨- ١٩٧٥، دار نشر حقائق المشرق، جنيف.
بريمو، نوري حميد، (٢٠١٣)، سطور من تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردي في سووريا (الپارتي) (١٩٥٧- ١٩٧٧).
جزيري، علي، (٢٠١٧)، الكرد و كردستان- كردستان سووريا (انموذجا)، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
جزيري، علي، (٢٠٢٢)، كردستان سووريا في المنظور الشوفيني، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
جعفر، علي، (٢٠١٩)، كورد المهجر جمعية الطلبة الكورد في اوروبا سفارة كوردستان في المهجر ١٩٤٩- ١٩٧٥، الجزء الاول، الطبعة الثانية، منشورات دار خاني.
حبيب، شيركو، (٢٠٢٢)، ثورة ١١ ايلول ١٩٦١ في عدد من الصحف العربية والاجنبية ١٩٦١- ١٩٧٥، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
حصاف، اسماعيل محمد، (٢٠١٣)، سياسة الحكومات السوورية تجاة المسالة الكوردية في سووريا ١٩٥٨- ١٩٧٥ في ضوء تطور الاحداث في جنوب كوردستان، مجلة الاكاديمية الكردية، العدد ٢٥، مطبعة حاج هاشم، اربيل.
حصاف، اسماعيل محمد، (٢٠١٧)، تاريخ كردستان سووريا المعاصر ١٩٤٧-١٩٦٢، الجزء الثالث، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.

حصاف، اسماعيل محمد، (٢٠٢٠)، المسالة الكردية في سووريا، دار موكرياني للطباعة والنشر، اربيل.
حصاف، اسماعيل محمد، (٢٠٢٢)، المسالة الكردية في العلاقات الدولية في مرحلة ما بعد الحرب العالمية الثانية، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
الخفاجي، فايز، (٢٠١٥)، الحرس القومي ودوره الدموي في العراق، دار سطور للنشر والتوزيع، بغداد.
درويش، عبدالحميد، (٢٠٠٣)، اضواء على الحركة الكردية في سووريا(احداث فترة ١٩٥٦- ١٩٨٣)، ط٢، دار اندیشه، السليمانية.
ديب، كمال، (٢٠١٢)، تاريخ سوورية المعاصر من الانتداب الفرنسي الى صيف ٢٠١١، الطبعة الثانية، دار النهر للنشر، بيروت.
زكي، احمد، (٢٠١٣)، ال الاسد واسرار السقوط، كنوز للنشر والتوزيع، القاهرة.
العابدين، بشير زين، (٢٠٠٨)، الجيش والسياسة في سوورية (١٩١٨-٢٠٠٠)، دار الجابية.
عبدالمحسن، زينب، (٢٠١٢)، عبدالرحمان عارف ودوره السياسي في العراق، دار اسامة للنشر و التوزيع، عمان.
عقراوي، شكيب، (٢٠٠٠)، سنوات المحنة في كردستان اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان و العراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، مطبعة مناره، اربيل.
عمر، شورش حسن، (٢٠٠٥)، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية دراسة تحليلية مقارنة، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.
الغمراوي، امين سامي، (١٩٧٦)، قصة الاكراد في شمال العراق، دار النهضة العربية، القاهرة.
محمد، رزگار، (٢٠٠١)، عملية دجلة- حملة الحكومة العراقية علي الكوردستان عام ١٩٦٣، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
محمد، شيرزاد زكريا، (٢٠٠٩)، اثر حلف بغداد ١٩٥٥ على الحركة التحررية القومية الكوردية، مطبعة جامعة دهوك.
محمود، ميديا عبدالمجيد، (٢٠١٢)، من معالم الحياة الكردية في سووريا، مطبعة سپيريز، دهوك.
محوي، شاكرو خدو، (٢٠٠٨)، المسالة الكردية في العراق المعاصر، ترجمة: عبدي حاجي، مطبعة سپيريز، دهوك.
موسى، عبدالجليل صالح، (٢٠١٣)، جمال عبدالناصر والقضية الكوردية في العراق ١٩٥٢- ١٩٧٠، مطبعة محافظة دهوك، دهوك.
الموصلي، منذر، (٢٠٠٠)، القضية الكردية في العراق‹‹البعث والاكراد››، دار المختار، دمشق.
مونتغمري، هاريت، (٢٠٢٠)، كرد سووريا وجود تعرض للانكار، ترجمة: رضوان شيخو، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل.
ميراني، علي صالح، (٢٠٠٤)، الحركة القومية الكوردية في كوردستان-سووريا ١٩٤٦- ١٩٧٠، مطبعة وزارة التربية، اربيل.
ميراني، علي صالح، (٢٠٠٩)، الحياة الحزبية السرية في كوردستان- سووريا ١٨٩٨- ٢٠٠٨، مطبعة جامعة دهوك، دهۆک.
واني، عصمت شريف، (٢٠١٢)، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة ١٩٦١)، الترجمة: سعاد محمد خضر، مطبعة شڤان، السليمانية.
حەفتەم: توێژینەوە ئەکادیمیەکان:
الزبيدي، علياء محمد حسين، (٢٠٠٦)، التطورات السياسية في العراق ١٩٦٣- ١٩٦٨، دراسة ماجستير، غير منشورة، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد.
السنبسي، خميس محمود شبيب، (٢٠١٣)، التنظيمات والاحزاب السياسية في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨- ١٧ تموز ١٩٦٨، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية التربية، جامعة الموصل.
علوان، علي ناصر، (٢٠٠٥)، عبدالسلام عارف ودورة السياسي والعسكري حتي عام ١٩٦٦، رسالة ماجستير، غير منشورة، تقديم المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية.
محمد، فلاح خلف، (٢٠٠٦)، اتفاقية الجزائر ١٩٧٥ مقدماتها، ونتائجها، رسالة ماجستير، غير منشورة، تقديم المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية، الجامعة المستنصرية.
محمد، كارزان ياسين، (٢٠١٥)، الحزب الديمقراطي الكردي في سووريا (البارتي) ١٩٥٧- ١٩٧٠، رسالة ماجستير، غير منشورة، تقديم كلية الاداب، جامعة المنصورة، قاهرة.
نصرالدين، سحر عبدالفتاح ابراهيم محمد، (٢٠١٥)، العلاقات المصرية-العراقية ١٩٦٣- ١٩٩٠، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية الاداب، جامعة كفر الشيخ.
هەشتەم: ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت:
پێوەندییەکانی کوردستان و میسر لە مێژوودا، گۆڤاری نوێکار، ژمارە (٢)، پایزی ٢٠٠٠.
جريدة الفجر الجديد، العدد ٦٢٩، ١١ی فبراير ١٩٦٤
جريدة الكشكول، العدد ٣٠٠، موصل، ١٦ يوليو ١٩٦٣.
دیمانەیەک لەگەڵ عومەر شێخ مووس، لە دیمەشقەوە بۆ بەرلین سەرگوزشتەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتی، گۆڤاری کەلتور، ژمارە (٥)، کانوونی دووەم ٢٠١٢.
ڕۆژنامەی خەبات، تشرینی دووەمی ١٩٦٣.
خۆشەوی کەمال محەمەد، لێکەوتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتێکانی کۆمەڵکوژیەکەی ٩ی حوزێرانی ١٩٦٣ی سلێمانی، سایتی ئاوێنە، ٢٢/ ١٢/ ٢٠٢٢.
https//:www.awene.com/article?no&17992=auther2642=

## ملخص

إن العلاقات الإقليمية والدولية لها تأثير كبير على القضايا والأحداث السياسية، ونخص بالذكر العلاقات الثنائية بين العراق وسوريا والتي كان لها تأثير كبير على أوضاع الكورد في جنوب وغرب كوردستان. ولفترات طويلة ارتبط البلدان بعلاقات سياسية وعسكرية واقتصادية، واتسمت هذه العلاقات بالتذبذب ما بين صعود وهبوط.
تباينت تاثيرات العلاقات بين العراق وسوريا خلال الفترة (١٩٦٣-١٩٧٠) على القضية الكردية، وتعتبر هذه الفترة مهمة كونها مليئة بالأحداث التاريخية. ومن هنا تأتي أهمية هذا البحث الموسوم بـ «العلاقة بين سوورية والعراق في الصراع الإقليمية والدولي وتأثيرها على القضية الكوردية في الفترة (١٩٦٣ - ١٩٧٠)». وقد شهدت هذه العلاقات في بعض الأحيان مراحل متقدمة من التفاهم والتنسيق حيال المسألة الكوردية، لا سيما مع انطلاقة ثورة سبتمبر/أيلول؛ فكانت سووريا إحدى الدول التي أرسلت مساعدات عسكرية في سنة ١٩٦٣ إلى العراق، وقدمت عدة ألوية وإمدادات مختلفة للحكومة العراقية، وأدى هذا الى تعميق العلاقات بين الدولتين. كما أن هذه الفترة شهدت تحالفا ثلاثيا بين كل من سووريا والعراق ومصر، الأمر الذي كان له أثرا بعيدا أيضا على القضية الكوردية في جنوب وغرب كوردستان. والجدير بالذكر أن العراق وسووريا بين عامي ١٩٦٤ و ١٩٧٠ نفذا مشاريع مختلفة ضد الكورد في جنوب وغرب كوردستان، مما كان له الأثر الكبير على القضية الكردية. ولابد أن نشير أيضا إلى أن الخلافات بين الاطراف السياسية الكوردية في الجنوب كان له تاثيره المباشر على الوسط السياسي في غرب كوردستان. وإن ما يميز النضال الكوردي في جنوب كوردستان هو أنه كان صراعا مسلحا ضد الحكومة العراقية، في حين أن الحركات الكوردية في غرب كوردستان اقتصرت على النضال السياسي. وهذا أثر بدوره على تطورات القضية الكوردية في الدولتين.

## Abstract

The regional and international relations have a great impact on the political issues, particularly the relationship between Iraq and Syria brought a great reflection on the Kurdish situation in both the south and the west parts of Kurdistan. In spite of that they both have gone through a historical relation, at the same time, a series of relations such as political, military, economy and trade have tied both countries together, for that reason their relations have been fluctuated.
The relationship between Iraq and Syria in between (1970-1963) towards the Kurdish question was varied, at the same time it was an important period of historical events. In this way researching on this topic (The relationship between Iraq and Syria in the regional and international conflicts the Kurdis question 1970-1963) has several crucial specialties, because sometimes they had a good relationship and various coordination, particularly after the breakout of the (Ailol) revolution that Syria was one of those countries which in (1963) gave military cooperation in the way of sending several military brigades and various logistic equipment to the Iraqi government. Although this did not affect much on the Kurdish issue, this was reason to improve the relationship between Iraq and Syria. Moreover, simultaneously the military pact among (Syria, Iraq, and Egypt) had been activated, this was a kind of hitting the Kurdish question in the south and west of Kurdistan. And both countries had several other projects against the Kurds between (1970-1964). In terms of the Kurds in the south and the west, they took different ways to straggle, for example in the south they used armed forces against Iraqi government however, in the west there was only political struggles. These all together with political and military steps by Iraq and Syria created a great impact on the Kurdish question.